# ڕێنووس و خاڵبەندی

پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠١٦

* ناوی کتێب: ڕێنووس و خاڵبەندی

* نووسینی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

* تایپیێست: کۆچەر ئەنوەر نایف

* دیزاینی بەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ

* دیزاینی ناوەوە: نووسەر

* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠١٦

* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ: (٥٠٠٠) دینار

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر

ژمارە(٣٤٤)

## ناوەرۆک

**پێشەکی**..........................٦
**بەشی یەکەم**..........................٩
چەمک و پێناسەی ڕێنووس و ئەلفوبێ..........١١
پێناسە و تایبەتمەندیی نووسین..........١٤
قۆناغەکانی پەیدابوونی نووسین..........١٥
١ـ نووسینی وێنەیی..........١٥
٢ـ نووسینی بیر یان دەربڕین..........١٧
٣ـ نووسینی بڕگەیی..........١٨
٤ـ نووسینی فۆنەتیکی یا دەنگی..........٢٠
**بەشی دووەم**..........................٢٢
جۆرەکانی ئەلفوبێ..........٢٣
١ـ ئەلفوبێی ئێزیدی..........٢٣
٢ـ ئەلفوبێی ماسی سۆراتی..........٢٣
٣ـ ئەلفوبێی پەهلەوی..........٢٩
٤ـ ئەلفوبێی کریلی (سلاڤی)..........٣٠
٥ـ ئەلفوبێی ئەرمەنی..........٣٤
٦ـ ئەلفوبێی عەرەبی..........٣٦
٧ـ ئەلفوبێی لاتینی..........٦١
**بەشی سێیەم**..........................٨٨

چەند لایەنێکی ڕێنووسی کوردی.......................... ٨٩
١. هەمزە (ئـ)........................................... ٨٩
٢. بزرۆکە (i)........................................... ٩٢
٣. واوی درێژ (وو ـ û)............................... ٩٧
٤. واوی بزوێن (و ـ u) و واوی نەبزوێن (و ـ w)....... ١٠٢
٥. یێی بزوێن (ی ـ î) و یێی نەبزوێن (ی ـ y)........... ١٠٦
٦. ڕێی قەڵەو (ڕ) و ڕێی سووک (ر)...................... ١١١
٧. پیتی (ح)............................................. ١١٦
٨. پیتی (ص)............................................. ١١٩
٩. وشەی دارِژاو............................................ ١٢٠
١٠. وشەی لێکدراو......................................... ١٢٠
١١. وشەی بێگانە......................................... ١٢١
١٢. جێناوی نیشانە........................................ ١٢٤
١٣. ئاوەڵناوی نادیار...................................... ١٢٥
١٤. نیشانەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا.................. ١٢٥
١٥. پاشبەندەکان (ەوە، وە، دا، را)...................... ١٢٦
١٦. دووپاتکردنەوەی پیت.................................. ١٢٧
١٧. چاککردنەوەی هەڵەی هەندێ وشە....................... ١٢٧
**بەشی چوارەم**.......................................... ١٣٣
خاڵبەندی................................................ ١٣٤
یەکەم: نیشانەی خاڵ (.).................................. ١٣٥
دووەم: نیشانەی دوو خاڵ لەسەر یەک (:)................. ١٣٦

سێیەم: نیشانەی سەرسوورمانی(!)........................١٣٧
چوارەم:نیشانەی پرسیار(؟)................................١٣٩
پێنجەم: نیشانەی کۆما(،).................................١٤٠
شەشەم: کۆمای خاڵدار(؛).................................١٤١
حەوتەم: نیشانەی تەقەڵ(-)...............................١٤٢
هەشتەم: هێڵی لار(/).........................................١٤٣
نۆیەم: نیشانەی ئەستێرە( * )...........................١٤٤
دەیەم: کەوانەی بچووک( )...............................١٤٤
یازدەم: جووت کەوانەی بچووک (( )).....................١٤٥
دوازدەم: کەوانەی گەورە[ ]...............................١٤٦
سێزدەم: سێ خاڵی دوای یەک(...).......................١٤٧
**سەرچاوەکان**..............................................١٤٨

# پێشەکی

ڕێنووس و خاڵبەندی یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی بواری نووسین لە هەموو زمانێک بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی، چونکە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ نووسەرانمان لە ڕێنووس و خاڵبەندیدا تووشی گەلێ کێشە و زەحمەتی دەبنەوە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی کورد زیاتر لە ئەلفوبێیەک بۆ زمانەکە بەکاردێنێ، و هەر یەکەی بە ڕبەی خۆی یاسا و ڕێسا بۆ ڕێنووس و خاڵبەندی دادەنێ و هەریەکەی باوەڕی بە ئەلفوبێیەکە و ئەویتر ڕەتدەکاتەوە.

ئاخۆ ئەو قسانەی لە ناوەندە ڕۆشنبیریی و ئەکادیمییەکان دەوترێت سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی و پیتی لاتینی ڕاستن، کامە ئەلفوبێ بۆ زمانەکەمان گونجاوە؟ بۆچی؟ ئەم کتێبە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

بەجۆرێ نابێ بوترێ زمانی کوردی تەنیا ئەلفوبێی عەرەبی بەسەردا ساغدەبێتەوە و دەگونجێت، چونکە ئەم بۆچوونە تەواو نازانستیی و نالۆژیکییە، لەبەرئەوەی هەموو ئەلفوبێیەک دەتوانرێ لەگەڵ زمانێکی دیاریکراو

بگونجێت، بەجۆرێک هەموو ئەو ئەلفوبێیانەی ئەمڕۆکە بەکاردەهێنرێت، موڵکی تاکە زمانێکی ئەم سەردەمە نییە، بەڵکو چەندین زمان و نەتەوە و نووسینی جۆراوجۆر خاوەنین، بەو واتایەی موڵکی تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و دەکرێ هەموومان بەکاری بهێنین و لەگەڵ ئەو زمانەی کە دەمانەوێت، بیگونجێنین.

بۆیە کورد هەردوو ئەلفوبێ(ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی) بەکاردێنێت و دەشێ دەستبەرداری هیچ یەکێکیشیان نەبێت، چونکە کەلەپوورێکی زۆری نووسینمان بەم دوو ئەلفوبێیە نووسراون، ئەگەرچی لە ڕووی زانستییەوە ئەمە تاڕادەیەک گونجاو نییە، زمانێک دوو ئەلفوبێ بەکاربێنێت، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستییە بنێین گەر تاڵیش بێ!، ئەمڕۆکە ئێمەی کورد خاوەنی دوو زمانین نەک دوو زار یان یەک زمان، بەو واتایەی لە ڕووی پراکتیکییەوە کورد خاوەنی زمانەکانی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاستە، چونکە ئەم دوو زارە بوونەتە دوو زمان، بەهۆیەوە لە بوارەکانی کارگێڕێی و دامەزراوەکانی میریی و پەروەردەیی بەکاردەهێنرێت، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی دوو ئەلفوبێین، ئەوانیش ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی و

ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی، چونکە هەردوو ئەلفوبێ بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەکاردەهێنرێت.

کەواتە خۆزگە ئێمە خاوەنی یەک زمان و یەک ئەلفوبێ بووناین، بەڵام کە ئەمڕۆکە ئەم دوو زمان و دوو ئەلفوبێیە بۆتە شتێکی واقیعی و حەتمی، نابێ لێی ڕابکەین و کێشە بۆ خۆمان دروست بکەین، بەڵکو دەبێ ئیتر ئەم ڕاستییە قبوول بکەین و پەرە بە هەردوو ئەلفوبێیەکە و هەردوو زمانەکە بدەین، بۆ ئەوەی تەواوی کورد لە هەردوو ئەلفوبێیەکە و هەردوو زمانەکە شارەزا بێت و بە لایەوە شتێکی نامۆ نەبێت، لە هەمان کاتدا گەر هەر لە یەکتر دووریان بکەینەوە، و شارەزایان و هەوادارنی ئەم دیالێکت و ئەو دیالێکت و هەوادارانی ئەم ئەلفوبێ و ئەو ئەلفوبێ دژایەتی یەکتر بکەن، ئەوە دواجار بە زەرەر بۆ زمان و ئەلفوبێ و نەتەوەکەمان دەشکێتەوە.

# بەشی یەکەم

## چەمک و پێناسەی ڕێنووس و ئەلفوبێ

لــە زمــانی کوردیــدا زاراوەی (ڕێنــووس) لــەڕووی ڕۆنانەوە، وشەیەکی لێکدراوە، کە لە وشەی سادەی (ڕێ) و ڕەگی کاری (نووس) پێکهاتووە، بە هەردووکیان وشەی لێکـدراوی (ڕێنووس)یـان دروسـتکردووە، لێـرەدا وشـەی (ڕێ) بە واتای (ڕێگا) دێت و ڕەگی کاری (نووس)، کە لـە چاوگی (نووسین)ەوە هاتووە، واتە وشەکە واتـای (ڕێگـای نووسین) یان (ڕێبازی نووسـین) یـان (شـێوازی نووسـین) دەگەیەنێت، کە مەبەسـت لـە (ڕێگـای نووسـین)یش یاسـا و ڕێسا و شێوازەکانی نووسین دەگرێتەوە.

دەربــارەی چــەمکی ڕێنووســیش، ئــەوە لــە وشــەی (Orthography) وەرگیـراوە، کـە ئـەویش لـە وشـەکانی (Orthos)، کـە واتـای (ڕاسـت و دروسـت) دەگەیـەنێت، و (grapho)، کە واتای (دەنووسم) دەگەیـەنێت، پێکهـاتووە، کەواتــە ڕێنــووس واتــای ڕاستنووســین و دروستنووســین دەگەیەنێت.

لــە زمــانی کوردیــدا جگــە لــە زاراوەی ڕێنــووس، زاراوەکــانی ئــەلفوبێ و ئــەلفابێ و ئــەلفبێ بــەکاردێت،

هەرچەنـــدە ڕێنـــووس و ئـــەلفوبێ لای ئێمـــە وەک یـــەک بـەکاردێن، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا جیاوازییـان هەیـە، بـەجۆرێ ئـــەلفوبێ بەشـــێکە لـــە ڕێنـــووس، بـــەو واتایـــەی هـــەموو ئەلفوبێیـەک ڕێنووسـە، بـەڵام هـەموو ڕێنووسـێک ئـەلفوبێ نییـە. دەربـارەی وشـــەی ئـــەلفوبێش، ئـــەوە لـــە وشـــەی (alphabet)ی زمـــانی ئینگلیزییـــەوە وەرگیـــراوە، ئـــەم وشـەیەش زۆر شرۆڤەی بۆ کراوە، لەوانە:

هەنـدێک دەڵـێن ئەو وشـەیە، وشـەیەکی عیبـرییە و لە یەکەم دوو پیتـــی ئەلفبێـــی عیبـــری (Aleph) و (Bet) دروستبووە و ەرگیراوە.

هەندێکی تـر دەڵێن وشـەی (alphabet)ی ئینگلیـزی لە وشـــەی "alphabetum"ی لاتینـــی هـــاتۆتە نـــاو زمـــانی ئینگلیـزی و فەرەنسـی. وەختـی خـۆی ڕۆمانەکـانیش لە وشەی "Alphabetos" یۆنانی کۆن دایانتاشیوە، هەروەها یۆنانیەکانیش لە دوو وشەی (alpha) واتە (گا)، و (Bet) واتە (ماڵ)ی فینیقیەوە وەریانگرتووە.

کەواتـــە ڕێنـــووس یـــان ئـــەلفوبێ، شـــێوە و چۆنیـــەتی نووسـین دەگرێتـەوە و بەشـێکە لـە زمانـەوانی، خـاوەنی تایبەتمەنـدی خۆیـەتی، کـە پێویسـتە لـە کـاتی نووسـیندا، نووسـەر پابەنـدی دەسـتوور و ڕێسـاکانی نووسـین بێـت،

ئینجا دەست بە نووسین بکات، یاخود ڕینووس وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانە و هۆیەکی کاریگەری ئاسانکاریی خوێندنەوە و نووسینە،[1] یاخود ڕێنووس کۆمەڵێک پیت یان کۆمەڵێک هێما(نووسراو)ی سەرەکین، هەریەکەیان نزیکەی فۆنیمێک نەک دەنگێک لە زمانی ئاخاوتنی گەلێک دەنوێنێ.[2]

---

١. ئەکادیمیای کوردی(٢٠٠٩)، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل ١٠.

٢. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا(٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٩٠.

## پێناسە و تایبەتمەندیی نووسین

گومانی تێدا نییە، کە ئاخاوتن پێش نووسین پەیدابووە و لەژێر کاریگەریی ئاخاوتنەوە نووسین پەیدابووە، بەو واتایەی ئەوەی دەشنووسرێت، هەر لە ئاخاوتن وەردەگیرێت، هەروەها نووسین ڕەمزە بۆ ئاخاوتن، واتە دووجار لە ڕاستی دووردەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەو شتەی لە مێشکدا چەسپاوە، بە ئاخاوتن دەردەبڕێت، کە ڕەمزە بۆی، پاشانیش نووسین ڕەمزی ئاخاوتنەکەیە،[1] دەکرێ لێرەدا هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی نووسین بخەینەڕوو:

١. نووسین دوای ئاخاوتن پەیدابووە.

٢. لە نووسیندا پێویستمان بە خوێنەر هەیە.

٣. نووسین لە پیت و هێما پێکدێت.

٤. نووسین تاڕادەیەکی زۆر ڕەمەکی نییە.

٥. لە نووسیندا زمانی ستاندارد هەیە.

- لە نووسیندا زیاتر لایەنی خاڵبەندی ڕۆڵ دەگێڕێت .

٧. نووسین بەهۆی (چاو)ەوە وەردەگیرێت.

---

١. عەلی تاهیر حسەین(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٤٧.

٨ـ نووسین لە ڕووی کاتەوە زیاتر دەمێنێتەوە، واتە تاڕادەیەکی زۆر کاتی نییە.

## قۆناغەکانی پەیدابوونی نووسین

لەو کاتەی نووسین پەیدابووە، بە چەندین قۆناغی جیا جیا تێپەڕیوە، بەو واتایەی لە یەک قۆناغەدا نەوەستاوە، بەڵکو چەندین ئاستەنگی هاتۆتە پێش و توانیویەتی لە سەردەمە جۆراوجۆرکاندا خۆی بگونجێنێ و پەرە بە خۆی بدات و بگاتە سەردەمێکی نوێ و تازە. دیارە پەیدابوونی نووسین قۆناغێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، چونکە بەهۆی نووسینەوە توانرا شارستانییەتی مرۆڤ لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان بگوازێتەوە، بەو واتایەی نووسین هۆکار و ئامرازێکی گرنگە بۆ لەیەکترگەیشتن و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ لە کورتکردنەوەی دووریی و کاتدا.

لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چوار قۆناغی نووسین دەکەین، کە ئەوانیش بریتین لە:

### ١. نووسینی وێنەیی:

کۆنترین جۆری نووسینە و بە سەرەتای دۆزینەوەی نووسین دادەنرێت، کە مرۆڤ بەهۆیەوە بەکاری هێنا بێت، لەم جۆرەدا وێنەکانی (مرۆڤ، کەشتی، ڕووەک،

گیانلەبەران،.....هتد) دەکێشران، واتە لەم جۆرەدا مرۆڤ لەڕێگەی پەنابردنە بەر وێنە، مەبەستەکانی خۆی گەیاندووە، بە نموونە لەجیاتی وشەی کەشتی، وێنەی کەشتی کێشاوە، و لەجیاتی وشەی چیا، وێنەی چیای کێشاوە.

دەبێ ئەوە بوترێت، کە نووسینی وێنەیی گەیاندنی واتای پێویستییەکەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئاسانترین شێوە تێبگات، بەو واتایەی لەڕێگەی وێنەوە، زۆرترین زانیاری دەگەیەنرا((بەمجۆرە نووسین لە شێوەی وێنەی ئاسان دەستی پێکرد، واتە هەر نووسینێک نیشانەی پێویستی هەر کار، یان هەر شتێک بوو، کە دەویسترا بنووسرێت، یان ئەو وشەیەی دەویسترا دەرببڕێت و هەندێ لە شارەزایانی مێژووی کۆن لەو بڕوایەدان، کە نووسینی وێنەیی لە وڵاتی ڕافیدەینەوە چوو بێت بۆ میسر)).[1]

لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە شاری (شووش)دا جۆرە نووسینێکی وەکو جۆری نووسینی وێنەیی پەیدا بووە، بە ناوی نووسینی (ئیلامی) ناودەبرا و

---

١ـ أحمد سوسة(١٩٨٠)، وادي الرافدين بين الساميين و السومريين، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ص ١٥٥.

بەمجۆرە لوولووبیەکان و گووتییەکان نووسینی تایبەتی خۆیان هەبووە و هەموو ئەم بەڵگەنامانەش ئەوە دەسەلمێنن کە گەلانی زاگرۆس، خێڵێکی دڕندە نەبوون، بەڵکو خاوەن زمان و هونەر و نووسینی تایبەتی خۆیان بوون[1].

## ٢. نووسینی بیر

لەم جۆرە نووسینەدا نیشانە و هێماکان، واتای ڕاستەوخۆی دیاردەکان پیشان نادەن، بەڵکو ئەو بیرە ڕادەگەیەنن، کە لە مێشکی مرۆڤدا پەیدا دەبێت.[2] دیارە گومانی تێدا نییە یەکێک لەو بۆچوونانەی کە تا ئێستا قسەی لەبارەوە دەکرێت ئەوەیە، کە نووسین تەنیا هەوڵێکی بیرە بۆ ئاخاوتن، واتە لەڕێگەی بیرەوە مرۆڤ دەتوانێ بدوێ و قسە بکات، کە ئەمەش کاریگەری بیر بەسەر زمانەوە دەگەیەنێت، بەو واتایەی مرۆڤ لەڕێگەی بیرەوە دەتوانێ قسە بکات.

---

١- ابراهیم باجلان، اللولو شعب زاگروس الاول، الطبعة الاولى، من اصدارات جمعیة ارمیتا، ٢٠٠٥، ص ٢٥.

٢ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ل٣٧٣.

نووسینی بیر بەوە لە نووسینی وێنەیی جیا دەکرێتەوە، کە مەبەست لێی گەیاندنی واتا و مەبەستە، نەک وێنە، بە نموونە لە نووسینی وێنەیی، وێنەی (دەم)، هەر واتای دەمی دەگەیاند، بەڵام لە نووسینی بیردا، وێنەی (دەم)، واتا و مەبەستی ئاخاوتنی دەگەیاند، کەواتە لە نووسینی بیردا، وێنە مەبەستێکی فراوانتری پیشان دەدات، ئەویش ئەرک و کردار و ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو شتەی مەبەستێتی.[١] هەروەها گەر بە نموونە بهێنینەوە وێنەی خۆر لە نووسینی بیر، واتای خۆری نەدەگەیاند، بەڵکو واتای گەرمی و ڕووناکی و ژیان و نوێبوونەوە و تازەبوونەوەی دەگەیاند.

### ٣. نووسینی بڕگەیی:

ئەو نووسینەیە کە پارچە و کەرت دەکرێت، واتە لەم جۆرەدا پشت بە وێنە نەدەبەسترا، بەڵکو پەنایان بۆ دەنگی هێماکان بردووە، کە قۆناغێکی گرنگ بەرەو پێشەوە چوو.

---

١. محەمەد حسێن عەلی زەهاوی(٢٠٠٦)، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ل٢٩.

لــەم بــوارەدا تــوێژەران شــوێنەوارێکی زۆریــان لــە دەستنووســە مێخەکییــەکانی ئەکەدییــەکان دۆزیوەتــەوە، سـەبارەت بـە گواسـتنەوەی نووسـینی وێنـەیی بـۆ بڕگـەیی، کـە لـە نووسـیندا لـە کـاتی نـاردنی پـەیامی دیپلۆماسـی بـۆ میســر و وڵاتــاننی تــر، بــە زۆری شــێوازی بڕگــەیی و کەرتییان بەکاردەهێنا.[1] لەم جۆرە نووسینەدا بابلییەکان و ســۆمەرییەکان ئــەم جــۆرە نووســینەیان بــەکارهێناوە، بــەجۆرێ بابلییــەکان وشــە ناســادەکانییان کــەرت کــەرت دەکرد و بـەم پێیـە لـەو سـەردەمە خـەتی هیرۆگلیفی وای لێهات بە بڕگە مانا بدات،[2] بۆ نموونـە سـۆمەرییەکان لـە نووسینی وشەی (ژیان)، کـە بـە سـۆمەری (ti)یە، پەنایان بۆ وێنەی (تیر) بردووە، کە هەمان بڕگە و دەنگی هەبووە، کەواتـە وێنـەی (تیـر) لـە وێنـەکانی سـۆمەریدا بـە مانـای

---

١ـ أحمد سوسة(١٩٨٠)، وادي الرافدين بين الساميين و السومريين، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ص ١٥٧.

٢ـ محەمەد حسێن عەلی زەهاوی(٢٠٠٦)، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی ـ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ل ٣٠.

(ژیان) هاتووە، چونکە هەردووکیان یەک بڕگە و دەنگیان هەبووە، ئەویش بڕگەی(ti)یە.[١]

### ٤. نووسینی فۆنەتیکی یا دەنگی:

ئەم قۆناغەی نووسین بە بەرزترین و پێشکەوتووترین قۆناغی نووسین هەژمار دەکرێت، بەهۆیەوە لەم قۆناغەدا پەنا برایە بەر دەنگ و پیتەوە، یەکەمین ڕێنووسیش کە لەسەر بناغەی دەنگ و پیتەوە سازکرابێت، ڕێنووس و ئەلفوبێی یۆنانی بوو، کە لە دوایدا بووە بناغەی دروستبوونی ئەلفوبێی لاتینی و سلاڤی، بەهۆیەوە یۆنانییەکان ڕێبازی بەکارهێنانی ئەلفوبێیان لە فینیقییەکانەوە وەرگرت، بەڵام ئەمان پیتیان هەر بۆ دەنگە نەبزوێنەکان دانەنا، بەڵکو بۆ بزوێنەکانیان سازکرد.[٢]

---

١. محسن حسین پیرۆ(٢٠١٣)، چاوی پێنووس - نووسین لەنێوان پەیدابوون و بەرەوپێشچوون و کاری هونەریدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل١١.

٢. محەمەد حسێن عەلی زەهاوی(٢٠٠٦)، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ل ٣٢.

لـەم جـۆرە ئەلفوبێیـەدا زۆرجـاران یـەک پیـت یـان یـەک دەنگ  وەردەگیرا و دەکرا بە بنەما و بـەکاریان دەهێنـا، بـە نموونـە لـە وشـەی (ڕۆژ)، دەنگـی (ڕ) بـەکاردەهات و لـە وشەی (شەو)، دەنگی (ش) بەکاردەهات.

# بەشی دووەم

# جۆرەکانی ئەلفوبێ

## ١. ئەلفوبێی ئێزیدی

ئێزیدییەکان خاوەنی دوو کتێبی پیرۆزن، ئەوانیش کتێبەکانی (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش)، کە هەردووکیان بە زمانی کوردی و ئەلفوبێی ئێزیدی نووسراون.

ئەلفوبێی ئێزیدی لە (٣١) پیت پێکهاتووە، شێوازی نووسینی لە ڕاستەوە بۆ چەپە. ئێزیدییەکان جگە لەم دوو کتێبە پیرۆزە، ئەوە هەندێ نامیلکەی تری ئایینی بەو ئەلفوبێیە نووسراون. لەڕووی مێژووییەوە (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش) بۆ سەدەکانی (یازدە) و (دوازدە)ی زایینی دەگەڕێتەوە.

## ٢. ئەلفوبێی ماسی سۆراتی

ئەلفوبێی (ماسی سۆراتی) ئەلفوبێیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە. هەموو سەرچاوەکان ئاماژە بۆ یەک سەرچاوە دەکەن، کە باسی ئەو ئەلفوبێیەی کردبێت، ئەویش کتێبێکە بە ناوی "شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام"، کە هی ئەبوبەکر ئەحمەد کوڕی وەحشییەی نەبەتی کلدانییە.

ئەبوبەکر ئەحمەد کوڕی وەحشییە لە نامەیەکدا بۆ (عەبدولمەلیک کوڕی مەڕوان)ی خەلیفەی ئەمەوی دەنووسێت: "کوردەکان زۆربەی نووسراوەکانی خۆیانیان بە خەتی ماسی سۆراتی دەنووسی".

هەندێ لە مێژوونووسان ئەم خەتە بۆ ٢٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێننەوە. ئەم خەتە (٣٧) پیت لەخۆ دەگرێ.

هەروەها ئەبوبەکر ئەحمەد کوڕی وەحشییەی نەبەتی لە کتێبەکەی خۆیدا (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام)[1]، دەڵێت: ((کلدانییەکان لە سەردەمی خۆیاندا لە هەموو خەڵک زیاتر شارەزاتر بوون زانست و زانیاری و فەرمانڕەوایی و پیشەییەکان، کوردەکانیش لە سەرەتادا دەیانویست هەمبەری و لاساییان بکەنەوە، بەڵام نەگونجاوە، ئاسمان و ڕێسمان لەیەک دووربوون. کورد یەکەم شت کە لێوەی شارەزان، پیشەی کشتوکاڵی و تایبەتمەندیی ڕووەکەکان بوو، گوایە ئەوان نەوەی بینوشادن، هەروەها دەڵێن نووسراوی گەشتنامەی ئادەم(د.خ) لەبارەی کشتوکاڵییان پێگەیشتووە و نووسراوی گەشتنامەی(سەفریت) و نووسراوی

---

١. أبوبكر أحمد بن علي بن وحشية(٢٠٠٨)، شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، دار الفكر، دمشق.

گەشتنامەی(قوتامی)یان پێگەیشتووە، هەرچۆنێ بێت دەڵێن گوایە هەر حەوت نووسراوەکە و کتێبی هێژا (دواناد)یان پێگەیشتووە، گوایە لە جادوو و تەلیسم دەزانن، بەڵام ئەوە وا نییە، ئەوەی دەیزانن لە زانست و هونەر هەر ئەوەیە لە کلدانییەکانەوە پێیان گەیشتووە)).[1]


في صفة قلم اخر من الاقلام القديمة
وفيه حروف زايدة عن التراكيب الحرفية . تدعي
الاكراد وتزعم انه القلم الذي كتب به بهنوشاد
وماسي السوراني . جميع علومهما وفنونهما
وكتبهما بهذا القلم . وهذه صورته كما ترى .

ئەلفوبێی کوردی لەپێش ئیسلامدا، هەروەک لە کتێبی(شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام)ی ئەبوبەکر ئەحمەد کوڕی وەحشییەی نەبەتی کلدانیدا هاتووە.

---

١ـ أبوبكر أحمد بن علي بن وحشية(٢٠٠٨)، شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، دار الفكر، دمشق، ص ٩٠ ـ ٩١ .




وێنەیەکی تر لە ئەلفوبیی کوردی لەپێش ئیسلامدا، هەروەک لە کتێبی(شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام)ی ئەبوبەکر ئەحمەد کوڕی وەحشییەی نەبەتی کلدانیدا هاتووە.

ئەبوبەكر ئەحمەد كوڕی وەحشییە باسی شتێك دەكات كە ناوی ناوە ئەلفوبێی كوردی، وێنەی هەندێ لە پیتەكانی پیشانداوە و دەڵێت: ((شێوازی نووسینێك لە نووسینە كۆنەكان چەند پیتێكی زیادەیە بەپێی یاسای پیتەكان، گوایە كورد دەڵێت ئەو نووسینەیە كە بینوشاد و ماسی سۆراتی هەموو زانست و هونەر و كتێبەكانیان بەم شێوازە كۆكردۆتەوە و نووسیوەتەوە و وێنەكەی دیارە)).[1]

ئەبوبەكر ئەحمەد كوڕی وەحشییە لەبارەی ئەم ئەلفوبێیە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:(( ئەم پیتانە نە گۆكردنی و نە نموونەیانمان لە زمان و خەتەكانی تردا نەدیوە، ئەوە لە خەتە سەرسوڕهێن و وێنە نامۆكانە، لە بەغدا لە ناوس لەم جۆرە خەتە (سی) كتێبم بینیوە و لە شامیش دوو كتێبم لەمانە لەلا بووە، كتێبێكیان لەبارەی چاندنی دارمێوە و دارخورما و كتێبێكیشیان لەبارەی دۆزینەوەی ئاو و چۆنیەتی دەرهێنانی لەسەر زەوییەكی ڕەقەڵانی و وشكدا، هەردووكیانم لە زمانی كوردییەوە

---

١ـ عقيل سعيد محفوض(٢٠١٣)، الأكراد و اللغة و السياسة ـ دراسة في البنى اللغوية و سياسات الهوية، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت، ص٨٣ .

وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی مرۆڤایەتی سوودیان لێ ببینن)).[1]

گەر سەیرێکی ئەم وتانەی ئەبوبەکر ئەحمەد وەحشییەی نەبەتی بکەین، چەند ڕاستییەکمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەمانەن:

١ـ کاتێ دەڵێت((ئەم پیتانە نە گۆکردنی و نە نموونەیانمان لە زمان و خەتەکانی تردا نەدیوە، ئەوە لە خەتە سەرسوڕهێن و وێنە نامۆکانە))، واتە پیتەکانی ئەم ئەلفوبێیە سەربەخۆیە و جیایە لە هەموو ئەلفوبێیەکانی تر.

٢ـ کاتێ دەڵێت((لە بەغدا لە ناوس لەم جۆرە خەتە (سی) کتێبم بینیوە و لە شامیش دوو کتێبم لەمانە لەلا بووە))، واتە ئەو کتێبانەی کورد نووسیونی، خەڵک بەکاری هێناوە و سوودی لێبینیوە، بەهۆیەوە کورد نووسەر و داهێنەری هەبووە و توانیویانە ئەوکات چەندین کتێب دەربکەن و ببێتە سەرچاوە بۆ سوودی کۆمەڵگە.

٣ـ کاتێ دەڵێت:((کتێبێکیان لەبارەی چاندنی دارمێوە و دارخورما و کتێبێکیشیان لەبارەی دۆزینەوەی ئاو و

---

١ـ عقيل سعيد محفوض(٢٠١٣)، الأكراد و اللغة و السياسة ـ دراسة في البنى اللغوية و سياسات الهوية، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت، ص٨٣ ـ ٨٤.

چــۆنیەتی دەرهێنــانی لەســەر زەوییەکــی ڕەقەڵانــی و وشکدا))، واتە کورد داهێنەر بوونە لە بوارەکانی خورما و میـوە، کـە ئەمـەش لایـەنی بـەهێزیی و توانـایی کـورد لـە بواری کشتوکاڵی دەردەخات.

٤ــ کـاتێ دەڵێت((هەردووکیـانم لە زمـانی کـوردییەوە وەرگێـڕاوەتە سـەر زمـانی عەرەبـی، بـۆ ئەوەی ڕۆڵەکـانی مرۆڤایـەتی سـوودیان لـێ ببیـنن))، واتـە زمـانی کـوردی ئـەوکات یـەکێک بـووە لـە زمانـە زینـدووەکان، بەهۆیـەوە خـەڵکانی غـەیرە کـورد فێـری بوونـە یـاخود هـەوڵیان داوە فێری ببن، چونکە زمانێک بووە، خەڵکی بەکاری هێناوە.

## ٣. ئەلفوبێی پەهلەوی

یەکێکـە لـە ئەلفوبێیـە کۆنـەکانی زمانـە ئێرانییـەکان، ئـەم ئەلفوبێیە لە بنەڕەتدا دوو جۆری هەیە، پەهلـەوی ئەشـکانی و پەهلـەوی ساسـانی، هـەر دوو جـۆری ئەلفوبێیەکـە لـە ڕاسـتەوە بـۆ چـەپ دەنووسـرێت، بەشـێک لـە شـارەزایان پێیـان وایـە ئـەلفوبێی پەهلـەوی هـەمان ئـەو ئەلفوبێیـە کـە ئاڤێستای پێ نووسراوە، بەڵام ئەمە ڕاسـت نییـە، پەهلـەوی لەگەڵ ئاڤێسـتا دوو ئـەلفوبێی جیاوازن، ئەگـەرچی زۆریـش لە یەکەوە نـزیکن، بـەجۆرێک هەنـدێک لـە شـارەزایان پێیان وایە ((پەیوەندی نێوان پەهلەوی لەگـەڵ ئـایینی زەردەشـتی

زۆرتــر و نزیکتــر بــووە لــە پەیوەنــدی ئــەلفوبێی عــەرەبی لەگــەڵ ئــایینی ئیســلام، بــەجۆرێ هــەر کــە ئێرانییــەکی زەردەشــتی دەبــوو بــە ئیســلام، بەتــەواوەتی لــە کتێبــی پەهلــەوی دووردەکەوتــەوە، لەبــەر ئــەوەی ئــەم ئەلفوبێیــە نــەک تــەنیا زۆر زەحمــەت و گــران بــوو، بــەڵکو خوێنــدن و فێربوون تەنیا مافی پلە هەرە بەرزەکانی چینە کۆمەڵایـەتی (شازاد و دەبیر و موغ)ەکان بوو)).[1]

## ٤. ئەلفوبێی کریلی (سلاڤی)

ئەم ئەلفوبێیە لەسەر شێوازی ئـەلفوبێی کریلی ڕووسـی دروســتکراوە و لەگــەڵ زمــانی کــوردی گــونجێنراوە، کــە لەلایەن کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بـەکاردەهێنرا. لــەم بــارەوە کۆمــەڵێ ڕۆشــنبیر ڕۆڵیــان هــەبووە لــە دروستکردن و بـەکارهێنانی ئـەم ئەلفوبێیە، لەوانـە (حـاجی جونـدی، شـاکر محـۆ، عەرەبی شـەمۆ، شـاکر خـدر، ئـەمین عەبداڵ.. هتد)، هەربۆیە لە (یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا ڕۆژنـامەیەکی کـوردی بە پیتـی سـلاڤی لەژێـر نـاوی (ڕیـا

١. مزگین عەبدوڕەحمان ئەحمەد(٢٠١١)، گەردانکردنی کار لە پەهلەوی و کوردیدا - کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەددین، ل ١٨.

تازە)یان دەرکرد[1]، ژمارەی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیە لە مێژووی مانگی ئاداری ساڵی (١٩٣٠)[2] دەرچووە، لە ساڵی (١٩٣١)یش (حاجی جوندی) ئەلفوبێی سلاڤی(کریلی) لە نامیلکەیەکدا چاپی کرد و ناوی نا (کتێبا ئەلفبا ـ Kteba alef ba).[3]

وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، کە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بواری دروستکردنی ئەم ئەلفوبێیە، کە لەگەڵ زمانی کوردی گونجاو بێ، بۆیە چەند قوتابخانەیەکیان بەم ئەلفوبێیە کردەوە و چەندین ڕۆژنامەیان بەم ئەلفوبێیە دەرکرد، کەواتە ئەم کۆششانە لەنێوان کوردەکانی ئەو دەڤەرانەی

---

١- هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوللا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل٦٦ ـ ٦٧.

٢- بڕوانە: جمال خزنەدار(١٩٧٣)، مرشد الصحافة الكردية، بغداد، ١٩٧٣، ص٣٥. وریا جاف(١٩٩٨)، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەولێر، ل٤٤. أراس جودي(٢٠٠٤)، ألامير جلادت بدرخان و الالفباء الكوردية اللاتينية، ترجمة: نوزت الدهوكي، مجلة الصوت الاخر، العدد (١)، أربيل، ٣ حزيران، ص ٣٦.

٣- حامید فەرەج(١٩٧٦)، ڕێنووی کوردی لە سەدەیەکدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل ٢٥ ـ ٢٦.

یـــەکێتی ســـــۆڤیەتی پێشـــوو دەستپێشـــــخەربوون بـــۆ بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی چ بە پیتی لاتینی یان بە پیتـــی ســـلاڤی، جـــا هەرچەنـــدە ئەم جـۆرە ئەلفـــوبێیە لە باشـــووری کوردســـتاندا تەشـــەنەی نەســـەند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا وێـنەو ڕوخســـار و شـێوازە جـۆر بەجۆرەکـانی ئەلفوبێی کوردی لەو ماوەیەدا بووە بنەمایەک بۆ ئەلفوبێی کوردی کە تا ئێستا کوردەکانی (یەریڤان) و (تـەبلیس) و ناوچەکانی دی دەوروپشتی بەکاری دەهێنن.


РЙА ТӘЗӘ
ГАЗЕТ ЬО ТӘНЕ КОЛЕКТИВ ПРОПАГАН-
ДИСТ У КОЛЕКТИВ АГИТАТОР Э,
ЛЕ ОСА ЖИ КОЛЕКТИВ
ТӘШКИЛАДАРЭ
ЛЕНИН
ОРГАНА ХЭБАТК'АРЕД КӦРМАНЩА КЭШРЕ
ПЕШДАДАЙИНА КАНДИДАТЕД ДЕПУТАТИА СОВЕТА I ЭЖРЭ БЕЛЬИА РСС ЭРМЭНИЭ

لاپەڕەی یەکەم لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (ڕیا تـازە)، کـە لـە ٢٥ی ئاداری ١٩٣٠ لە یەریڤان دەرچوو و بە زمانی کوردی و پیتـی سلاڤی بڵاوکراوەتەوە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| a | ا | S | س | P | پ |
| B | ب | Ş | ش | j | ى |
| T | ت | F | ف | O | ۆ |
| h | ح | V | ڤ | i | یی |
| X | خ | Q | ق | 6 | بزوێنەی کوردی |
| C | ج | K | ك | ə | ئە |
| d | د | G | گ | Ç | چ |
| r | ر | L | ل | E | ێ |
| Z | ز | M | م | Y | ئۆ |
| Ƶ | ژ | N | ن | U | و |

ئەلفوبێی کوردی، کە حاجی جوندی لەسەر بنەمای پیتی سلاڤی لە دووتوێی کتێبێک بە ناونیشانی (کتێبا ئەلفبا) لە ساڵی ١٩٣١ لە یەریڤان بڵاوی کردۆتەوە.

## ٥. ئەلفوبێی ئەرمەنی

ئەلفوبێی ئەرمەنی یان ئەلفوبێی (لازۆ)شی پێدەوترێت، لە ساڵی (١٩٢١) کەسێکی ئەرمەنی کە ناوی (هاگوب گازریان) (١٨٦٩ـ ١٩٣٦) و نازناوی (لازۆ) بوو، لەگەڵ ژنەکەی کە ناوی (ئولگا گازریان) بوو، هەردووکیان قوتابخانەیەکی کوردییان لە شاری (تەبلیس)ی پایتەختی جۆرجیا دامەزراند، ئەم کارەشیان بە پاڵپشتی حکومەتی سۆڤێتی بوو،[١] ئەوەبوو (لازۆ) ئەلفوبێیەکی کوردی بە پیتی ئەرمەنی دانا، هەروەها پەرتووکێکیشی بە زمانی کوردی لەسەر شێوازی ئەم ئەلفوبێیە لە ساڵی (١٩٢١) لەژێر ناوی (شمس- ڕۆژ) بە چاپ گەیاند، هەروەها (لازۆ) خۆی لەم قوتابخانەیە زمانی کوردی بە قوتابیە کوردەکان

---

١- مارف خەزنەدار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (لازۆ) سەر بە حزبی (هنچاک)ی ئەرمەنییە، کە یەکێ لە ئامانجەکانی کۆکردنەوەی کورد و پێکهێنانی کوردستانی گەورەیە، کە خاوەنی خودموختاری ئەرمینیای گەورە بێ، بڕوانە وتاری: قەناتی کوردۆ، ژیانی کوردناسی و زانایانی کوردی ئەوروپا، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (٢)، تەمموزی ١٩٧١، ل ٣٨. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوللا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل٦٥ ـ ٦٨.

دەوتەوە، پاشان چەندەها ڕۆشنبیریان لێ دەرچوو، لەوانە (قەناتی کوردۆ) بوو، ئەم قوتابخانەیە چەندەها ساڵ لە خزمەتکردن بەردەوام بوو.[١]



بەرگی پێشەوە و دواوەی کتێبی (ڕۆژ)، کە لازۆ نووسیویەتی و ساڵی ١٩٢١ بە زمانی کوردی بە پیتی ئەرمەنی لە تەبلیس چاپکراوە.

١- مارف خەزنەدار، ژیانی کوردناسی و زانایانی کوردی ئەورووپا، قەناتی کوردۆ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (٢)، تەمموزی ١٩٧١، ل ٣٨ ـ ٣٩.

## ٦. ئەلفوبێی عەرەبی

ئـەم ئەلفوبێیـە جگـە لـە نـاوی ئـەلفوبێی عـەرەبی، بـە چەندین ناوی ترەوەش ناودەبرێت، لەوانە هەندێ کەس بە ئارامی و هەندێکی تر بە کەنعانی ناوی دەهێن. کۆمەڵێ بۆچوون هەن لەبارەی سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەلفوبێی عەرەبی، هەندێ پێیان وایە سەرەتای دەرکەوتنی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ سەدەی چوارەمی زایینی دەگەڕێتەوە. هەندێکیان بڕوایان وایە ئەم ئەلفوبێیە لە بنەچەدا لە ئەلفوبێی نەبەتییەکانەوە وەرگیراوە، نەبەتییەکان لە بنەچەدا تیرەکی عەرەب بوون، لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی پێش زایینی هەندێ تیرەی (سامی) بەرەو باکوور کۆچیان کردووە، لە دەوروبەری شاری (بەترا) دەوڵەتێکیان بۆ خۆیان دامەزراندووە. دیارە نەبەتییەکان پێشتر بە زمانی خۆیان هەر قسەیان دەکرد، هیچیان پێ نەدەنووسی، بۆیە لەپێناو پێویستی دەوڵەت لەسەر شێوەی ئەلفوبێی ئارامی، ئەلفوبێیەکیان بۆ خۆیان دامەزراند.

هەندێکی تر پێیان وایە ئەلفوبێی عەرەبی لە ئەلفوبێی سریانییەوە گەشەی کردووە. هەندێکی تر دەڵێن لە ئەلفوبێی ئارامییەوە وەرگیراوە، کەچی کۆمەڵەیەکی تر بڕوایان وایە لە ئەلفوبێی فینیقییەوە وەرگیراوە. هەندێکی

تر پییێیان وایە ئەو ئەلفوبێیەی کە بە عەرەبی ناودەبرێن، لە بنەڕەتدا عەرەبی نییە، لەئارامییەوە وەرگیراوە و ئارامی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراوە، هەمان شت بەو جۆرە ئەلفوبێیەکانی تر.[1]

دەبێ ئەوە بوترێت، کە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام سێ جۆرە ئەلفوبێ لەناو عەرەبدا هەبوون: لە باشووری نیمچە دورگەی عەرەبی ئەلفوبێیەک هەبووە بە خەتی (مەسنەد) ناسراوە، لە (شام)یش ئەلفوبێی (فینیقی) هەبووە، لەحیجازیش ئەلفوبێی (سریانی) هەبووە.

لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و خەلیفەکانی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان، زمانی قورئان زمانێکی بێ خاڵبەندی بوو، بەڵام لە سەردەمی ئیمامی عەلیدا، ئەبولئەسوەدی دوئلی خاڵبەندی بۆ قورئان دانا.

کورد و فارس کاتێ موسڵمان بوون، ئەلفوبێی خۆیانیان لەسەر شێوازی ئەلفوبێی عەرەبی دامەزراند و تایبەتمەندیی زمانی خۆیانیان پاراست، بە واتای ئەو پیتە هاوبەشانەی لە هەر سێ زمان هەن، وەک خۆیان مانەوە،

---

١- وریا عومەر ئەمین(د)(٢٠١٢)، گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ - ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، ل ١٤٦.

پیتی تایبەت بە خۆیان، کە لە زمانی عەرەبیدا نین، بۆ ئەلفوبێیەکە زیاد کرا. لە ئاکام ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دروست بوو، ئەو ئەلفوبێیەی کورد لە سەرەتای ئیسلامیبوونەوە، ئەدەبی خۆی پێ دەنووسێتەوە، ئەلفوبێیەکی کوردانەیە، چونکە بەشێوەیەکی باش لەگەڵ سیستەمی دەنگی زمانی کوردی دەگونجێت.

لە هەمان کاتدا ئەو پیتە عەرەبییانەی لە زمانی عەرەبیدا هەن و لە کوردیدا نین، ژمارەیان شەش پیتە، بریتین لە:(**ط، ص، ث، ظ، ض، ذ**)، کە بۆ نووسینی کوردی لەگەڵ زمانی کوردی ناگونجێن، لە بەرانبەردا ئاخێوەری زمانی کوردی پیتی بەرانبەریان بۆ داناون، بەمشێوەیە:

- لە جیاتی پیتی(**ط**)، پیتی (**ت**) بەکاردێنن، وەک:
**طماطة . تەماتە**
- لە جیاتی پیتی(**ص**)، پیتی (**س**) بەکاردێنن، وەک:
**صمون . سەموون**
- لە جیاتی پیتی(**ث**)، پیتی (**س**) بەکاردێنن، وەک:
**عثمان . عوسمان**
- لە جیاتی پیتی(**ظ**)، پیتی (**ز**) بەکاردێنن، وەک:
**. ظلم . زوڵم**
- لە جیاتی پیتی(**ض**)، پیتی(**ز**) بەکاردێنن، وەک:

**رمضان ـ ڕەمەزان**

ـ لە جیاتی پیتی(**ذ**)، پیتی (**ز**) بەکاردێنن، وەک:

**ذنون ـ زەنوون**

لە لایەکی ترەوە، چەند پیتێکی تر لە کوردیدا هەن، بە (شێوە) و (دەنگ) لە زمانی عەرەبیدا نین:(پ، چ، ڤ، گ، ژ، ڕ، ڵ). زمانی عەرەبی تەنها سێ بزوێنی هەیە، کە بریتین لە (ا، و، ی)، هەرچی زمانی کوردییە، هەشت پیتی بزوێنی هەیە، کە بریتین لە (**ئ**، ا، ە، ێ، ی، ۆ، و، وو). زمانی عەرەبی(سەر ـ فتحة) و (بۆر_ ضمة) و (ژێر ـ کسرة)ی هەیە، ئەوانە تەواو واتای وشە دەگۆڕن، لە کوردیدا لە بریتی ئەم هێمایانەدا، پیتی بزوێن هەیە، بەم شێوەیە:

ـ لە بریتی سەر، فۆنیمی (ە)بەکاردێ.

ـ لە بریتی بۆر، فۆنیمی (و) بەکاردێ.

ـ لە بریتی ژێر، فۆنیمی (ی) بەکاردێ.

ئەم ئەلفوبێیە لە ڕووی شێوارزی نووسینەوە، ئەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپە، بەپێچەوانەی ئەلوبێی لاتینییە، کە لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

کەواتە زمانی کوردی تەنها ئەو پیتانەی زمانی عەرەبی وەرگرتووە، کە لەگەڵ پیتەکانی خۆی هاوبەشە و لە

ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازییەوەش پەیڕەوی پێکهاتە و سیستەمی زمانی خۆی کردووە. بەمجۆرە بە هاوکاری ئەلفوبێی عەرەبی، زمانی کوردی ئەلفوبێیەکی کوردی هەیە و سیما و ئەدگارەکانی زمانی کوردی دەنوێنێ، نەک زمانی عەرەبی.[1]

خەلیل خەیالی (١٨٧٦ - ١٩٢٦) بەناوبانگترین ئەو کەسایەتیانەیە کە لە بواری پێشڤەبردنی زمان و ڕۆشنبیری کوردی لە چارێگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کاری کردووە، کە بە دامەزرێنەر و سەرەتاکانی بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دادەنرێت. ئەم کەسایەتییە لە عەشیرەتی (مودان)ی کوردییە و سەر بە قەزای (موتکی) کوردستانی تورکیایە، لە منداڵیدا قوتابی (سەعید نەورسی ـ ١٨٧٦ - ١٩٦٠) بووە و زۆر هۆگری ئاکار و ڕەفتاری جوامێرانەی سەعید نەورسی

---

١ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا(٢٠١١)، کوردۆلۆجی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ١٠٢ـ ١٠٣.

بووە[1]، لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩) دەچێتە ئەستەنبول و لەوێ لە بواری ڕێزمانی کوردی و نووسینی زمانی کوردیدا کۆششەکانی خۆی دەخاتەگەڕ و فەرهەنگێکی کوردی دەنووسێت، لە شاری ئەستەنبول چەندەها پۆستی حکومی دەبینێت، یەکێک لەو پۆستانە (ئەمینداری سندوق)ی لە پەیمانگای کشتوکاڵی لە (خەلق ئالی) پێ سپێردرابوو، هەروەها خەلیل خەیالی بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەقی ) کوردی هەژمار دەکرێت، کە لە ساڵی (١٩٠٨) دامەزرێنرا. هەندێک نووسینی لە گۆڤاری (کورد)دا هەیە، کە بڵاوکراوەی فەرمی ئەو کۆمەڵەیەیە، جگە لەوەی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعارفی کوردی) کە کۆمەڵەیەکی سەر بە کۆمەڵەی (تەعاون وتەرەقی) کوردی بوو[2]، سەرباری ئەوەی ڕۆڵێکی کارای لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی)دا هەبوو، کە لە ساڵی (١٩١٢) لە ئەستەنبول دامەزرێنرا. چەندەها وتاریشی لە

---

١- زنار سلوبي، مسألة كردستان (٦٠ عاما من النظال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية) تنقيع وتقديم: عزالدين مصطفى رسول، ط٢، بيروت، ١٩٩٧، ص ٣٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٣- ٣٤.

هەردوو گۆڤاری (کورد) و (هەتاوی کورد) لە ساڵانی (١٩١٣-١٩١٤) نووسی، کە دوو گۆڤاری سەر بەم کۆمەڵەیە بوون، هەروەها یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، کە دیسانەوە لە شاری ئەستەنبول پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی (١٩١٨) دامەزرێنرا، و چالاکییەکی بێوێنەی تیادا ئەنجامدا.

دەتوانین (خەلیل خەیالی) بە دامەزرێنەری ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی هەژمار بکەین، کە تا ئێستا لە کوردستانی عێراق و ئێران بەکاردەهێنرێت، ئەم زانیاریەشمان لە گوتە و یاداشتەکانی ئەو کەسانەوە دەسکەوتووە، کە لەو ماوەیەدا لەگەڵی ژیاون، سەرباری نووسینی پەرتوکێک، کە (خەلیل خەیالی) لە ساڵی (١٩٠٩) لە شاری ئەستەنبول لە چاپیدا.[١]

(زنار سلۆپی) دەربارەی ئەم کەسایەتییە دەڵێ: ((لە بواری نووسیندا کۆششی خستۆتەگەڕ و ڕێزمانی کوردی نووسیوە و فەرهەنگێکی کوردی داناوە، لە ماوەی

١. هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل٢٥.

نیشــتەجێ بوونیــدا لە ئەســتەنبول لە ســاڵی (١٩٠٠) ەوە، (خەلیــل خەیــالی) چەنــدەها لاوی کــوردی ناســیوە و لەگەڵیاندا باس و خواسی نەتەوایەتی و هـزری نەتەوایەتـی کوردیانی هێناوەتە گۆڕێ، و سۆز و ئەوینی کوردایەتی لە ناخیانـدا وروژانـدووە، هەروەهـا چـاوی بە (زیـا ئەفەنـدی) کەوت، کە کوڕی (تۆفیق ئەفەندی)یە. (زیا ئەفەندی) پێش ئەوەی چاوی بە (خەلیل خەیالی) بکەوێت خـۆی کردبووە (تــورک) و نــاوی خــۆی نــابوو (زیــا کــۆک ئەلەب) و بە دامەزرێنەری هەردوو ڕێکخراوی وجاقی تورکی (ناوەندی تورکی) و (نیشتمانی تورک) دادەنرێت، بەڵام پاش ناسینی (خەلیـل خەیـالی) دەسـتی دایە نووسـینی ڕێزمـانی زمـانی کـوردی و دانـانی فەرهەنگـی کـوردی، کـاتێکیش کە (زیـا ئەفەنـدی) لە پەیمـانگە دەرکـرا، ناچـاربوو بـۆ (دیـاربەکر) بگەڕێتەوە، و چەنـد کۆپیەکی ئەو کـارە قەدەغەکراوانەشـی لەگەڵ خۆیدا بـرد، ئیتـر بەم شـێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان (خەیــالی) و (زیــا ئەفەنــدی) پچــڕا، تــاکو ڕاگەیانــدنی دەســتوور یەکتریــان نەدیــتەوە، واتە ئەوکــاتەی کە (زیــا ئەفەنـدی) وەکـو نـوێنەری خەڵکـی (دیـاربەکر) گەیشـتەوە ئەستەنبول، ئەویـش بـۆ بەشـداری کـردن لە کاروبـارەکـانی کــۆنگرەی (ئیتحــاد و تەرەقــی) کە لە (ســالۆنیک) پــاش

ڕاگەیاندنی دەستوور گرێدرا، ئەوکاتە (خەیالی) داوای لێکرد دەستنووسەکانی ڕێزمانی کوردی بگەڕێنێتەوە، کە خۆی تاڕادەیەک بەشداری لە نووسینیدا کردبوو، بەڵام (زیا ئەفەندی) بۆی نەگەڕاندەوە و پێی وت، کە هەمووی سوتاندووە، بۆیە (خەلیل خەیالی) جارێکی دی ئەو پڕۆژەیەی نووسیوە، هەروەها (سەعید نورسی) دەربارەی (خەلیل خەیالی) لە پەرتووکەکەی خۆیدا (شهادە حول نکبە مدرستین)دا دەڵێ ((نموونەیەکی دڵسۆزی و ئەمەکداری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەم وڵاتەتان پێشکەش دەکەم، کە (خەلیل خەیالی موتکی)ە، کە لە هەموو بوارەکاندا بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان وەفاداری خۆی سەلماندووە، جگە لەوەی کە بونیادنەری ئەلفوبێی ڕێزمانی زمانەکەمانە))[1] .

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە (خەلیل خەیالی) بونیادنەری ئەلفوبێی کوردییە بە پیتی عەرەبی، ئەویش بە گەواهی و شایەتی ڕۆشنبیرە کوردەکان کە هاودەم و هاوچەرخی ئەم کەسایەتیە بوونە، جا گەر هەر گومانێک

---

١- زنار سلوبی، مسألة كردستان (٦٠ عاما من النظال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية) تنقيع وتقديم: عزالدين مصطفى رسول، ط٢، بيروت، ١٩٩٧، ص ٣٤-٣٥.

لەم زانیــارانەدا هەبــێ، ئەوا دەرچــوونی پەرتــووکەکەی ئەلفـــوبێی کـــوردی لەســـاڵی (١٩٠٩) لەم بـــوارەدا یەکـــلاکەرەوەیە، بـــوونی ئەم پەرتـــووکە ئەو زانیـــارییە دەسەلمێنێ کە (زنار سلۆپی) وتویەتی کە (خەلیل خەیالی) پاش کودەتاکەی (١٩٠٨) دیسانەوە دەستی بە نووسین و تـوێژینەوەی ڕێزمـان و زمـانی کـوردی کـردووە، جـا ئەم پەرتــووکەی (خەیــالی) لەلایەن (مــحەمەد بــایرق) ەوە لە ســاڵی (١٩٩٤) لە ئەنــقەرە بڵاوکــراوەتەوە، لە دووتــوێی پەرتوکێک بە زمانی کوردی نووسیویەتی.

ئێســتاش گرنگتــرین ئەو شــتانەی لە پەرتــووکەکەی (خەلیل خەیالی) داهـاتووە سـەبارەت بە ئەلفوبێی کـوردی دەخەینەڕوو:.

(خەلیـل خەیـالی) ناونیشـانی (ئەلفبـای کرمـانجی)، واتە (ئەلفوبێی کوردی) بۆ پەرتووکەکەی هەڵبژاردووە، پاشـان لەژێــر ئەم ناونیشـــانەدا ڕاســـتەوخۆ ئەم گوزارشـــتەی تۆمـارکردووە، (مــحەمەد خەلیـل خەیـالی مـوتکی)، واتە دانەری ئەم پەرتـووکە (خەلیـل خەیـالی مـوتکی)ە و لەژێـر ناوەکەی خۆیشی نووسراوە (طابع كردى زاده أحمد العز) ، ســاڵی لە چاپــدانی ئەم پەرتــووکەش بە ســاڵی (١٣٢٥)

دەستنیشـــانکراوە. کە ســـاڵێکی ڕۆمیـــیە و بەرانـــبەرە زایینیەکەشی ساڵی (١٩٠٩)ە.

پەرتـــووکەکە بە لاپەڕەی ناونیشـــانەوە (٢٧) لاپەڕەیە، نووسەرەکەی لە لاپەڕەی دووەمدا باسی ئەلفوبێی کوردی کردووە، کە لە (٣٤) پیت دانراوە، کە ئەم پیتانەن: (أ ب پ ت پ ج چ ح خ د ذ ر ز ژ س ش ص ض ط ظ ع غ ف ڤ ق ک گ ل م ن و هـــ لا ی)، لە لاپەڕەکـــانی (٣، ٤، ٥)دا نەخشـەیەکی دابەزاندووە، کە وێنەی هەمـوو ئەم پیتـانەی تیـادا نووسـیوە، بەهەمـوو شـێوەکانی بەکارهێنانیـان چ لە سـەرەتا و چ لە ناوەڕاسـت، هەروەهـا شـێوەی پیتەکـان لە کۆتـایی وشـــەدا بنووســـرێت، و دوای ئەوەش درکانـــدنی هەموو پیتێکی نووسیوە، وەکو (ئەلیف، بێ، پێ....).[١]

دەرچـوونی ئەم پەرتـووکە گرنگییەکـی لەڕادەبەدەری لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا هەیە، بەتایبەتی لە مێژووی زمـان و ڕۆشـنبیری کوردیـدا، ئەویـش لەبەر چەنـد هـۆ و هۆکارێک، یەکەمیان ئەم پەرتووکە ڕوونـی کردەوە کە کـێ یەکەم کەس بووە بەڕاسـتی بیـری لەم پـرۆژەیە کـردۆتەوە،

---

١ـ هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوللا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل٢٨.

و هەموو تواناکانی خۆی تیادا خستۆتەگەڕ، دووەمیشیان لەم پەرتووکەدا دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیرە کوردەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێئاگا نەبوون، و یەکەم شت کە بیریان لێکردبێتەوە، داهێنانی ئەلفوبێیەکی کوردی بووە بۆ نووسینەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی، و بڵاوکردنەوەی نووسینی کوردی و خوێندنی کوردی لەناو جەماوەری کورددا، نەک بەکارهێنانی زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی.

جگە لەمانەش خەلیل خەیالی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی)، کە سەر بە (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی) بووە، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی کوردی کە قوتابییان زمانی کوردی تیادا بخوێنن، بەهۆیەوە لە شاری ئەستەنبول ساڵی (١٩١٠) لە گەڕەکی (جنبرلی تاش) کە مێژووی خوێندن لەناو کورددا بەخۆیەوە نەبینیبوو، ناوی لێنرا (کرد نموونە ابتدائیسی - مەشروتییە)، واتە (سەرەتایی نموونەیی کوردی - دەستووری).

لەم دەسپێکەوە دەردەکەوێ کە لە شاری ئەستەنبول کاریگەریەکی بێ وێنەی لەسەر ژیانی ڕۆشنبیری کوردیدا هەبووە، کە ڕەنگاڵەکانی پێکهاتەی ڕۆشنبیری کوردی لەو ئان و زەمانەدا تیایدا کۆببوونەوە. هەر ئەویش بوو کە ئەم کۆمەڵەیەی دروستکرد و ئەو قوتابخانە کوردییەی دامەزراند، واش پێدەچێ بونیادنانی ئەم قوتابخانەیە بە هاندانی (خەلیل خەیالی) بووبێ، چونکە ئەم ئەلفوبێیە کوردییە لەو قوتابخانەیە دەخوێندرا، بابەتەکانی دی ئەم قوتابخانەیەش بەهەمان شێوە بەو ئەلفوبێیە نەڕۆیشتبێ ئەدی لەسەر چ ئەلفوبێیەک دەڕۆیشت، کەواتە لەم قوتابخانەیەدا بۆ یەکەم جار ئەم ئەلفوبێیە پەیڕەو دەکرا، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ڕۆشنبیرانی دی کوردی ڕۆڵیان نەبووە، چونکە ئەوانیش بەدەوری خۆیان یارمەتی (خەیالی)یان داوە و کۆمەکیان کردووە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستدایە دەردەکەوێ کە ئەم کەسایەتییە لەڕووی بڵاوکردنەوەی سیستەمی خوێندن بە زمانی کوردی دەستپێشخەر و پێشەنگ بووە، و چەندەها ساڵ کۆششی لەم بوارەدا کردووە و نووسینی ئەم پڕۆژەیە و پەیڕەوکردنی لە قوتابخانە کوردیەکەدا گەورەترین بەڵگەیە.

ئیتر بەمشێوەیە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بڵاوبۆوە و لەلایەن شاعیرانی کورد(مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم...) و شارەزایان و زمانناسان(سەعید سدقی کابان، تۆفیق وەهبی، حوسێن حوزنی موکریانی، ئیبراهیم باڵدار...) پەرەیان بەم ئەلفوبێیەدا و تا ئێستاشی لەگەڵدابێ چەندین جار هەموارکراوەتەوە و خەوش و کەموکورِییەکانیان کەمکردۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئەلفوبێیەی ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستان بەکاری دەهێنین.

سەبارەت بە زمانی کوردی، دەنگ و پیت یەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەو واتایەی ژمارەی پیت یەکسانە بە ژمارەی دەنگ. پیتەکانی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی(٣٧) پیتە، کە بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەش دەکرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**١. پیتە بزوێنەکان**

ئەو پیتانەن کە بە ئاسانی لە دەم دێنە دەرەوە و یارمەتی پیتە نەبزوێنەکان دەدەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بێنە گوتن و دەربڕین. کەواتە پیتە بزوێنەکان بەهۆی ئەو

ڕەوتە هەوایەی لە سییەکانەوە دێ و لە دەمدا بەبێ هیچ کۆسپ و بەرهەڵستییەک دێتە دەرەوە.[١]

ژمارەی پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا (٨) پیتە، کە (٧) پیتیان لە ڕێنووسی کوردی وێنەیان هەیە، بەڵام (بزرۆکە ـ i) لە ڕێنووسی کوردی وێنەی نییە، بەڵکو تەنیا لە ڕێنووسی لاتینی وێنەی هەیە و دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێنووسی کوردیدا وەک پیتێک هەژمار دەکرێت.

بزرۆکەش ئەو کورتە دەنگەیە، کە دەکەوێتە نێوان دوو نەبزوێن، واتە لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی دروستبوونی نەبزوێنی یەکەم بۆ نەبزوێنی دووەم لەناو دەمدا، نەختێک هەوا دەردەچێ و ئەم بزرۆکەیە دروست دەکات. بۆ نموونە لە وشەی (من)دا، هەردوو دەنگی /م/ و /ن/دا هەوا لە لووت دەردەچێ، بەڵام لە /م/دا جووتبوونی لێوەکان ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە /ن/دا جووتبوونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشوو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەڵام تا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرز دەکاتەوە بۆ

---

١ــ ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل ٢٤.

پێشەوەی مەڵاشوو، نەختێ هەوا لەمیانی ئەو کرداری ڕاگوێزانەوە دزەدەکات و لە دەم دەچێتە دەرەوە، بەم بڕە هەوایە، بزرۆکە دروست دەبێت. ئەم بڕە هەوایەش ئەگەر لە نێوان دوو دەنگی کپ بێت، وەکو: (خت، کش، چک، پف، کپ،. هتد) بە کپی دەردەچێ و ئەگەر لەنێوان دوو دەنگی گڕ بێ، بە گڕی دەردەچێ، وەک:(من، ژن، گڤ، بن، کن،...هتد).[١]

پیتە بزوێنەکانیش بەسەر دوو جۆر دابەش دەکرێن، بەمشێوەیە:

**أـ بزوێنی کورت:** ئەو بزوێنانەن، کە لە درکاندندا دەنگەکانیان نزم و کورتن و ژمارەیان (٣) پیتە، کە بریتین لە:(ِ، ە، و).

**ب ـ بزوێنی درێژ:** ئەو بزوێنانەن، کە لە درکاندندا دەنگەکانیان بەرز و درێژن و ژمارەیان (٥) پیتە، کە بریتین لە:(ا، وو، ۆ، ی، ێ).

ئەم پیتانە لە زمانی کوردیدا ناکەونە سەرەتای وشە و بڕگەوە، بەڵکو دەخرێنە پاڵ پیتە نەبزوێنەکان، بۆ ئەوەی

---

١ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(٢٠١٢)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، هەولێر، ل ٩٨ ـ ٩٩.

یارمەتی بدەن بە ئاسانی لە (گەروو) و (دەم)ەوە بێنە دەرەوە.

پیتە بزوێنەکان لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەمشێوەیەن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ا | i | ە | و |
| وو | ۆ | ی | ێ |

## ٢. پیتە نەبزوێنەکان

ئەو پیتانەن کە لە دەربڕین و ئاخاوتندا گرانن و نایێنە دەرەوە، بەڵکو هەمیشە بە یارمەتی پیتە بزوێنەکانەوە لە دەم دێنە دەرەوە.

ئەم دەنگانە لە دەربڕیندا هەندێ لە ئەندامانی ناو دەم لەیەکتر نزیک دەبنەوە و دەبنە بەرهەڵست بۆ ئەو ڕەوتە هەوایەی لە سییەکانەوە دێت، لە ئەنجامدا، لە دەربازێکەوە دێنە دەرەوە.[١]

واتە نەبزوێن دەنگێکە سازگەیەکی دیاریکراوی هەیە لەگەڵ درکێنەرێکی دیاریکراودا، هەروەها لەکاتی

١. ئەورەحمانی حاجی مارف (د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ل ٣٥.

درکاندنیدا جۆره تەگەرەیەک یان داخستن و کرانەوە دەخرێتە بەر تەزووی هەناسەوە.[1]

پیتە نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا ژمارەیان (٢٩) پیتە، کە ئەمانەن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئـ | ب | ت | پ |
| ج | چ | ح | خ |
| د | ر | ڕ | ز |
| ژ | س | ش | ع |
| غ | ف | ڤ | ق |
| ک | گ | ل | ڵ |
| م | ن | هـ | و |
| ی | | | |

١ـ تاڵیب حوسێن عەلی(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل٣٦.



روبر ١ — سالا عوّلي — عدد ١

# کردستان

١٣١٥

خجي كاغذێ ڤي ربكه
دڤي ربكێ مصري سز
ناڤ خوّيي ڤي جريدهٔ بي
لاو بدرخان باشا
مقداد مدحت بكي
هرجار دوهزار جريده يا
بي بره ازيسه ربكم
كردستانێ دهبدن حاكی
بازده روزا جارکي تيت
نقيساندن

عنوان
مصرده «كردستان» غزته‌سي
صاحب ومحرري بدرخان
باشا زاده
مقداد مدحت
مرطبعده ... نسخه كردستان
ولات مجاناً ارسال ووسائط اريله
قرا وقصبه‌لره وتعميم اونه جقدر
كردستان خارجنده هر بر
ابونه سنه‌لك اوره بدلي
٨٠ غروشدر
كردستان داخلنده خصوصي
اشتهارلره مجاناً كوندرلور

كردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه تشويق ايچون نشر اولنور

اون بش گونده بر نشر اولنور كردجه غزته‌در

روزا پنجشنبي‌ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه‌يي ٩ نيسان سنه ١٣١٤

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژ خدى تعالى‌ره ام مسلمان خلق كرين. وظائفنا علم ومعرفتبره هش وزكا دامه. دز حقا علماڤدنا علم ومعرفتبره گلك آيتين جليله واحادث شريفه هين. دنيايده چقاس مسلمان هين گوند وبازيرين حياده مكتب ومدرسه وجريده هين. دنيايده چه دبه چه نابه جريده دنڤيسن. حيفاس نيت ژ كردان كورد ژ گلك قوما زيده‌تر خوي هش وزكانه جامبرن دبين خوده راست وقويه خورتن ودیسا وکه قومين دي نه خوندانه نه‌دواندن دنيايده چه دبه جيران وان موسقوف جاوه‌به وي چه بكه نظانن. اونما ربڤ خديده من اڤ جريده باها نڤيسي باذنا خدى تعالى باش نهو هر بازده روزاده جاركي آزي جريده‌كي بنڤيسم. ناڤ ڤي من كريه (كردستان) ڤي جريده‌يده آزى بحثا قنجيا علم ومعرفتا بكم لكوردري مروف دعلمه لكوردى مدرسه ومكتبين قنج هنه ازي بنشا كردا بكم لكردري چه شر دبه دولتين مظن چه دكن چاوه شر دكن تجارت چاوه دبه ازي حميا حكات بكم حتى نهو كسي جريده‌كي هولي نڤيسي‌به اڤ جريده‌يا منا اها يا عوّلي‌به لوما وي گلك كيمايي هبين. ازهيڤي دكم كيمايا جريده‌يي ژماره بنڤيسن حمي بنشتن وكي نو چه دبن بكين باشي هنكي دچه دكوه ريده اڤه ايدي ازي دست مقصدي بكم. (ومن الله التوفيق)

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتي‌يه «العلماء ورثة الانبياء» انكو علما وارثين انبيانه ژ طرفِ خديده مامورن وعظ ونصيحتي بدن خلكي ربا قنج نيشا وان بكن لوما گي علمايين كردا چاره اون وعظ ونصيحتا نميژى ددن ولى دڤي اون مير وآغا وكرمانجين دناسن وان تشوبقا ظائنا علم ومعرفتى بكن ربا قنج نيشا وان بكن هكي اون وي بكن گنهي حميا سطوى وه‌به

لاپەڕەی یەکەم لە ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان، کە میقدا میدحەت بەدرخان لە ۱۸۹۸/٤/۲۲ لە شاری قاهیرەی میسر دەریکردووە، کە بە زمانی کوردی نووسراوە لەگەڵ بەکارهێنانی پیتی عەرەبی و خەتی فارسی.



الفبای

کرمانجی

محرری

خلیل خیالی

موطکی

طابعی

کردی زاده

احمد رامز

سال

١٣٢٥

چەند لاپەڕەیەکی تەواو لە کتێبی (ئەلفوبێی کرمانجی)ی خەلیل خەیالی، کە لەسەر ئەلفوبێی کوردییە بە پیتی عەرەبی و ساڵی ١٩٠٩_لە ئەستەنبۆل دایناوە و ژمارەی لاپەڕەکانیشی ٢٧ لاپەڕەیە.

يا اَللّٰهُ

يا فَتّاحْ يا رَزّاق

ا ب پ ت ٹ ث ج چ ح

خ د ڈ ذ ر ڑ ز ژ س ش

ص ض ط ظ ع غ ف ق

ک گ ل م ن و ه

لا ی

# وَضعِیتا حرفِ هِجان

| مُسَمّاء | دِاَوَّلِدا | دِاورتهِ‌دا | دِآخِردا | اَسما |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ا | — | — | ـا | الیف |
| ب | بـ | ـبـ | ـب | بی |
| پ | پـ | ـپـ | ـپ | پی |
| ت | تـ | ـتـ | ـت | تی |
| ج | جـ | ـجـ | ـج | جیم |
| چ | چـ | ـچـ | ـچ | چیم |
| ح | حـ | ـحـ | ـح | حی |
| خ | خـ | ـخـ | ـخ | خی |
| د | — | — | ـد | دال |
| ذ | — | — | ـذ | ذال |
| ر | — | — | ـر | ری |
| ز | — | — | ـز | زی |

| اسماء | اوّلده | اورته‌ده | آخرده | اسماء |
|---|---|---|---|---|
| ژ | . | . | ژ | ژین |
| س | سـ | ـسـ | ـس | سین |
| ش | شـ | ـشـ | ـش | شین |
| ص | صـ | ـصـ | ـص | صاد |
| ض | ضـ | ـضـ | ـض | ضاد |
| ط | طـ | ـطـ | ـط | طی |
| ظ | ظـ | ـظـ | ـظ | ظی |
| ع | عـ | ـعـ | ـع | عین |
| غ | غـ | ـغـ | ـغ | غین |
| ف | فـ | ـفـ | ـف | فی |
| ڤ | ڤـ | ـڤـ | ـڤ | ڤی |
| ق | قـ | ـقـ | ـق | قاف |
| ك | كـ | ـكـ | ـك | كاف |

| مُستماة | دِاوّلِیدا | دِاورته‌دا | دِاخِرِدا | اسماء |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| گ | گ | ـگـ | ـگک | گاف |
| ل | ﻟ | ﻠ | ـل | لامْ |
| م | ﻣ | ﻤ | ـم | میمْ |
| ن | ﻧ | ﻨ | ـن | نونْ |
| و | ـ | ـ | ـو | واوْ |
| ه | ھ | ـهـ | ـه | هی |
| ی | ﻳ | ﻴ | ـي | یی |

حَرفِ تَقْلی

| | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ت | ع | ق | ش | ي |
| د | ث | س | ل | ك |
| و | ج | ز | ه | ص |
| ض | گ | ژ | ع | ن |
| ف | ط | ر | چ | ذ |

ح ث خ پ ا م ط ژ ی

حرکه

َ زبر ِ زیر ُ پیش

ْ جزم ّ شد ~ مده

نقش

حرفِ مد

ا : زبری دریژ دده خوندنن

ی : زیری " " "

و : پیشی " " "

حرفِ بی نقطه

ا ح ل ر س ص ط ع ک ل

م و ه

## ٧. ئەلفوبێی لاتینی

کـۆنترین نووسـین بە ئـەلفوبێی لاتینـی مێـژووەکەی بـۆ سـەدەی شەشـەمی پـێش زایـین دەگەڕێـتەوە، ئەو نووسـینەش لە ئـەلفوبێی (ئەتروسـکان Etruscan) لە سـەدەی حەوتەمـی پـێش زایـین وەرگیـراوە، کەواتـە ئـەم ئەلفوبێیە لە ئـەلفوبێی کۆنی ئەتروسکانی وەرگیـراوە و بۆ نووسینی زمانی لاتینی پەرەی پێدراوە، لە سـەرەتادا ئەلفوبێی لاتینی ژمـارەی پیتەکانی(٢١) پیت بـوون، لەپاش داگیرکردنی یۆنان، پیتەکانی ئەلفوبێی لاتینی لە (٢١) بوون بە (٢٣) پیت، لە لاتینی ناوەڕاستدا بووەتە (٢٦) پیت.

سەبارەت بە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی ئـەلفوبێی لاتینـی لەناو کورددا، چەندین بیروبۆچوونی جیاجیا هەن،[1] (زنـار سـلۆپی) ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە یەکەمـین کەس بیـرۆکەی نووسـینی زمـانی کـوردی بە پیتـی لاتینـی بـۆ کۆمەڵەی (هێڤی) پێشنیازکرد، (فـائیز بەگ) بـوو لە سـاڵی (١٩١٣)، چـونکە خـۆی ئەنـدامی کـۆمەڵەی (هێڤـی) بـوو و ئەوکاتە لە ئەستەنبول فەرمانبەرێکی پۆستە بوو، هەروەها

---

١ـ هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل٦٢ ـ ٧٣.

دەڵێ (عەبدوللا جەودەت) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پیتە عەرەبییەکان تەواو پڕ بەپێستی نووسینی کوردی نین. لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکەم لاببرێن و پیتی لاتینی لەبریان بەکاربهێنرێن. (عەبدوللا جەودەت) لە وتارەکەیدا بە ناوی (گوتار)، کە لە ژمارە (١)ی ڕۆژی کورد بڵاوی کردەوە، بە ڕاشکاوی بانگەشەی کوردی کردووە، کە بە پیتی لاتینی بنووسن، لەم وتارەیدا پاش ئەوەی کە وتەیەک ئاراستەی میللەتی کورد دەکات سەبارەت بە مێژوو و ئایندەیان، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە میللەتی کورد گەر خوازیاری پێشڤەچوون بن، پێویستە لەسەریان دوو تێبینی ڕەچاو بکەن (بەپێی بۆچوونی خۆی)، تێبینی دووەمی (عەبدوللا جەودەت) سەبارەت بە پیتی لاتینی بوو، کە لە وتارەکەیدا دەڵێ: وەرگرتنی ئەو پیتانەی کە لە بنەڕەتەوە گونجاون لەگەڵ تواناکانی فێربوونی منداڵێکی حەوت هەشت ساڵە لە ماوەی مانگێکدا، بە خوێندن و نووسینەوە لەگەڵ زامنکردنی ڕاستی و دروستی ئەو شتانەی کە منداڵەکە فێری بووە و لابردنی ئەو پیتانەی کە ئێستا بەکاردەهێنرێن.[1]

١- ڕۆژی کورد، ژمارە (١)، ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣، ل٤ .

لەسەر ئەم بنەمایە دوو کەس خاوەنی بیرۆکەی نووسینی کوردین بە پیتی لاتینی، ئەو دوو کەسە یەکێکیان (فائیز بەگ)ە، کە هیچ زانیاریەکمان دەربارەی لا دەست ناکەوێت و ئەویتریان (عەبدوللا جەودەت)ە، کە وا پێدەچێ ئەم بیرۆکەیەی لە دەرەوە هێنابێ، چونکە ماوەیەک لە ئەوروپا ژیاوە، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی بیستەم ئەندامێکی بەرزی کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی)ی عوسمانی بوو و هەستی بەوەکرد، ئەلفوبێی عەرەبی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زمانی کوردی ناگونجێ، ئەم بیرۆکەی پێشنیازکرد کاتێک کە لە ئەستەنبولدا بوو، ئەویش پاش ئەوەی کۆمەڵەی (هێڤی) ڕایگەیاند، کە یەکێک لە ئامانجەکانی دانانی ئەلفوبێیەکی نوێی کوردی گونجاوە.

هەروەها (مێجەر ئەی. بی. سۆن) لە ساڵی (١٩١٣) دەربارەی ئەلفوبێی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ڕێزمانی بە پیتی لاتینی خستییەڕوو، لەژێر ناونیشانی:

(Grammar of The kurmanji or Kurdish language)

مێجەرسۆن ئەم نامیلکەیەی پاش چەند گەشتێک نووسی، کە بۆ کوردستان و وڵاتی (نێوان دوو ڕووبار)

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەنجامیدا، زمانی کوردی زۆر بەباشی فێرببوو، مێجەرسۆن لە سەرەتای نامیلکەکەیدا دەڵێ ئەم نووسینەی لەبەر ئەوە بووە کە بۆی دەرکەوتووە پیتە عەرەبیەکان بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی گونجاو نین، و کورد ئەم پیتانەیان وەک لاساییکردنەوەیەکی نەتەوە موسڵمانەکان بەکارهێناوە[1].

هەروەها (کەمال مەزهەر ئەحمەد) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (شوکری فەزلی) چەند کۆششێکی لە بواری نووسینی کوردی بە پیتی لاتینیدا کردووە، ئەویش لەتوێی ئەو وتارانەی دەربارەی کورد نووسیویەتی و لە گۆڤاری (لغە العرب - زمانی عەرەب)دا بڵاوی کردۆتەوە، کە لە بەغدا لە ساڵی (١٩١٣)دا دەردەچوو، ئەم وتارانە بە ناونیشانی (الکرد الحالیون- کوردەکانی ئێستا)ی

---

١- هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل٦٥.

هەڵگرتبوو، کە چەندەها وشەی کوردی تیا بەکاردەهێنا و بە پیتی لاتینی دەینووسی.[1]

وا پێدەچێ ئاڕاستەیەک لەناو ئینگلیزەکان هەبووبێ، بانگەشە بۆ تۆمارکردنی زمانی کوردی بە پیتی لاتینی کردبێ، جا پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆنترۆڵکردنی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی عێراق) لەلایەن ئینگلیزەوە، هەریەک لە (محەمەد ئەمین زەکی و میرزا محەمەد باشقە) نامیلکەیەکی بچووک دەربارەی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی دەرکرد، کە ژمارەی لاپەڕەکانیان لە سێ لاپەڕە زیاتر نەبوو، و بە هەردوو زمانی فارسی و تورکیش شرۆڤە کرابوون، ناونیشانی کتێبەکەش (کتابی أولمینی قرائەتی کوردی) بوو، ئەم نامیلکەیە بە هاندان و پاڵپشتی مێجەرسۆن و کاپتن فاریل لە چاپخانەی حکومەت لە بەغدا ساڵی (١٩٢٠) لە چاپ درا.[2]

---

١- کەمال مەزهەر(١٩٧٨)، تێگەیشتنی ڕاستی شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغدا، ل١٠٩.

٢- حامید فەرەج(١٩٧٦)، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل١٥- ١٦.

هەروەها ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، کە ئێستا کوردەکانی تورکیا و سوریا پەیڕەوی دەکەن، سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناوە، دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە چاکەکەی بۆ (میر جەلادەت بەدرخان) دەگەڕێتەوە، بۆیە سەرچاوە مێژووییەکان بە ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان یان ئەلفوبێی گۆڤاری هاوار ناوزەدی دەکەن، کە میر جەلادەت بەدرخان بە پیتی لاتینی لە دیمەشق ساڵی (١٩٣٢) دەریکردووە. شایانی باسە ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان یەکەم چاپکراوی کوردییە کە شۆرەت و ناسراوی لەناو کورددا بەدەست بێنێت، لەهەمان کاتیشدا پشتی بە پیتی لاتینی بەستبێت، ئەم ئەلفوبێیەش هەروا بەڕێکەوت سەری هەڵنەداوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆر و ساڵانێکی دوور و درێژ پێوەی خەریک بووە.

میر جەلادەت بەدرخان خۆی لە گۆڤارەکەیدا، گۆڤاری (هاوار) باس لە چۆنێتی دروستکردنی ئەم ئەلفوبێیە دەکات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن بیرۆکەی ئەم ئەلفوبێیەی لە لای دروست بووە و دەڵێ: لە ساڵی (١٩١٩)، واتە پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی شاندێک نێردرانە کوردستان لە چیای مەلاتیا لە نێو هۆزی

(ڕەشوان) بووین، کە لە چەند کەسایەتییەکی کوردی و ئەرمەنی پێکهاتبوون و جەلادەت بەدرخانیش لە نێو ئەو وەفدەدا بوو، وەفدەکە لەگەڵ ئەفسەری ئینگلیزیدا (مێجەر نوئێل) بوون، نوئێل شێوەزاری ناوەڕاستی دەزانی، هەوڵی دەدا شێوەزاری کرمانجی سەرووش فێربێت، بۆ خۆی هەموو شتێکی تۆمار دەکرد، منیش هەندێ پەند و گۆرانی و چیرۆکم کۆدەکردەوە، هەندێجار بە نووسینەکانماندا دەهاتینەوە و دەمانخوێندەوە و ڕاستمان دەکردەوە، سەیرم دەکرد، مێجەر کە دەستنووسەکەی دەخوێندەوە، بە بێزەحمەتی و بە ئاوازێکی بیانی دەیخوێندەوە، کەچی من زۆر بە زەحمەت (و) لە (ۆ) و (ی) لە (ێ) لەیەکتر جیادەکردەوە، لەوەی نووسیومە، ئەمە لەبەرچی ؟ زانیم لەبەر ئەوەیە مێجەر بە لاتینی دەنووسێ، کەچی من بە پیتی عەرەبی دەنووسم، بۆیە لەبەر ئەمە یەکسەر بڕیارمدا ئەلفوبێی کوردی لاتینی دابنێم)). [1]

میر جەلادەت بەدرخان پاش ئەم ڕووداوە کە بیرۆکەی خۆی جێ بەجێ کرد، بینی کە دەنگە کوردییەکان لە پیتە لاتینیەکان زۆرترن، بۆیە هەستا بە لکاندنی دوو پیتی لاتینی بەیەکەوە بۆ گوزارشتکردن بە دەنگێکی تایبەت لە

---

١- گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٣، ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٢، ل١ .

زمـانی کوردیـدا، بەڵام پـاش مـاوەیەکی کـورت لە بـازنەی پیتە لاتینیەکـان دەرچـوو و پیتەکـانی بەیەکەوە لکانـد، بۆیە هەنـدێک پیتـی لە ئەلفـوبێی یۆنـانی و ڕووسـی خواسـت، بەمجـۆرە تـوانی بـۆ هەر دەنگێـک، پیتێـک دەسـت نیشـان بکات.

وا پێـدەچێ بڕیـاری کـۆمەڵەی (خۆیبـون)ی کـوردی لە سـاڵی (١٩٣١) بە وەرگرتنی پیتە لاتینیەکـان لە ڕێنووسـی کوردیدا پاڵنەرێک بووبێت بۆی، کە ئەم ئەلفوبێیە پێویستە لە گۆڤارەکەیـدا بەرەو پێشـەوەیان ببـات، (زنـار سـلۆپی) ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە سـاڵی (١٩٣١) کۆبوونەوەیەک بۆ لیژنەی (خۆیبون) لەنێوان ئەم کەسایەتیانەدا (جەلادەت بەدرخـان، هەمـزە بەگ موکسـی، موسـا بەگ، ئەکـرەم جەمیل پاشا) بەسترا، لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا کە پیتی لاتینی لەجیاتی پیتی عەرەبی بەکاربهێنرێت.[1]

بـۆیە جەلادەت بەدرخـان پـاش وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی سووری لە (١٦)ی تشـرینی

---

١- محمد ملا أحمد(٢٠٠٠)، جمعية خويبون و العلاقات الكردية ـ الأرمنية، أربيل، ص ١٦٤ .

یەکەمـــی ســـاڵی (١٩٣١)[١]. ژمـــارە (یەک)ی گۆڤـــاری (هاوار)ی لە (١٥)ی ئایاری ساڵی (١٩٣٢)دەرکرد، ئەمەش وەک خاڵێکی دەستپێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پیتانە و بڵاوکــردنەوەی نووســین و خوێنــدن بەم پیتــانە لە نێــو کوردەکانی سووریا و تورکیا.

جەلادەت بەدرخـــان دەربـــارەی ئەلفـــوبێیەکەی خـــۆی بەهەموو زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی دواوەو بەهەردوو پیتەکانی عەرەبی و لاتینیش لە ژمـارەی یەکەمـی گۆڤـاری (هـاوار) وتـاری نووسـیوە، پـاش ئەوەی وتمـــان کە ئامـــانج لەدەرچـــوونی گۆڤـــاری (هـــاوار)، بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی لەنێوان کورددا تـازەبوو، و وانە بێژتنـی زمـانی کـوردی و تۆمـارکردنی ڕێزمـان و تاوتوێکردنی هەموو شێوەزارەکان و لێکۆڵینەوە لە بـارەی ڕێزمـان و بنەماکـانی ئەم زمـانە لە دێـر زەمـانەوە تـاکو بە ئەمڕۆ گەیشـتووە، جگە لە دیـاری کردنـی پێگەکـانی لەنێـو زمـــانە جیهانیەکـــان و لێکـــۆڵینەوە لەو پەیوەنـــدییە زمانەوانیـانەی کە پێکیـانەوە دەبەسـتێتەوە.[٢]واتە ئامـانجی

١- صلاح محمد سليم هروري(٢٠٠٤)، الأسرة البدرخانية: نشاطها السياسي و الثقافي ١٩٠٠ ـ ١٩٥٠، دهوک، ص١٣١.
٢- گۆڤاری هاوار، ژمارە (١)، ١٥ ئایاری ١٩٣٢، ل ٤.

سـەرەکی ئەم گۆڤـارە بڵاوکـردنەوەی ئەم ئەلفـوبێە لاتینـیە تـازەیەیە لە نێـو میللەتـدا، پاشـان جەلادەت بەدرخـان دێـتە سـەر ئەم ئەلفـوبێیە، کە ڕووپەرەکـانی گۆڤـارەکەی لەژێـر ناونیشانێکی سەربەخۆدا دەنەخشێنێت.




ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، کە میر جەلادەت بەدرخان لە دەفتەرێکی خۆی و بە دەستخەتی خۆی ساڵی ١٩٢٨ نووسیویەتی.


SAL 1

YEQŞEMB

HAWAR

HEJMAR 1

15 GULAN 1932

Qomela Qurdî * Revue Kurde

Têdexistiyên Qomelê

Armanc, awayê xebat
û nivîsandina Hawarê
Ji xwendevanan re
Elfabêya Qurdî
Stûna fekehan
Stûna zarowan : buhar
Edebiyata welatî
Hawar hebe, gazî li dû ye
Di dora dînyayê de
Xatirxwaztya Memî
Hêvî ji xwendevanan
Ferhengoq

Birê Frensizî

Buts et caractères de la revue Hawar
L'alphabet Kurde
Notices sur la littèrature, mœurs et coutumes Kurdes

Çapxana Tereqî 1932 — Şam

لاپەڕەی یەکەم لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری هاوار، کە میر جەلادەت بەدرخان لە ١٥ی ئایاری ١٩٣٢ بە زمانی کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتینی لە دیمەشق دەریکردووە.

پیتە کوردییەکان لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ژمارەیان (٣١) پیتە، شێوازی نووسینی لە چەپەوە بۆ ڕاستە، واتە ئەم ئەلفوبێیە بە بەراورد بە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی(٦) پیتی کەمە، بەمشێوەیە:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| a | b | c | ç | d | e | Ê | f |
| g | h | i | î | j | k | l | m |
| n | o | p | q | r | s | Ş | t |
| u | û | v | w | x | Y | z | |

هەشت لەم پیتانە بزوێنن و ئەوانی دی نەبزوێنن. لێرەدا ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی لە بنەڕەتدا تەنیا لەسەر بنەمای شێوەزاری کرمانجی سەروو دانراوە، کە ئەمەش زانستی نییە، چونکە زمانی کوردی ئەمڕۆکە دوو شێوازاری لە بواری نووسین بەکاردێت، کە وەک زمان مامەڵە دەکەن، ئەوانیش کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست، بەو واتایەی دەشێ ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی لەسەر کرمانجی ناوەڕاستیش جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم کەموکووڕیی و خەوشانەی کە هەیەتی، نەمێنێت، بەتایبەتی لە ڕێی قەڵەو(ڕ) و لامی قەڵەو(ڵ)، کە لە کرمانجی سەروودا نییە، بۆیە لە لاتینی نیگاریان بۆ ئەم دوو دەنگە نەکردووە، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە،

چونکە ڕێی قەڵەو(ڕ) و لامی قەڵەو(ڵ) دوو پیتی ڕەسەنی کوردین و دەبێ نیگاریان بۆ دیاری بکرێت.

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین (٣٧) پیت بۆ ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی دیاری بکەین، بەو واتایەی ئەو هێمایانەی کە لە لاتینی دانانێت یاخود پیتی تری بۆ دادەنێن، ئێمە هەوڵدەدەین وێنە و نیگاریان بۆ دیاری بکەین و تا ڕادەیەک هەوڵدەدەین خەوشەکانیان ڕوون بکەینەوە.

ئەو پیتانەی لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی وێنە و نیگاریان نییە، بریتین لە:( **ئـ، ح، ڕ، ع، غ، ڵ**).

پیتە لاتینییەکان لە نووسیندا بە دوو شێواز دەنووسرێن، ئەوانیش شێوازی پیتی گەورە و شێوازی پیتی بچووک.

**یەکەم: پیتی بزوێن:** پیتە بزوێنەکان ژمارەیان هەشت پیتە، بەمشێوەیە:

**أ- پیتی بزوێنی کورت:** پیتە بزوێنە کورتەکان ژمارەیان سێ پیتە، بەمشێوەیە:

١- (e/E) ئەم پیتە بەرانبەر بە(ە) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| سەر | ser |
| لە | le |

| | |
|---|---|
| هەر | her |

٢ـ (i/I) ئەم پیتە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی وێنە و نیگاری نییە، کە ئەمەش خەوشێکی گەورەی ئەلفوبێی کوردییە بە پیتی عەرەبی، چونکە هیچ بڕگەیەک بەبێ پیتی بزوێن دروست نابێت و دەبێ وێنە و نیگاری هەبێت، وەک:

| | |
|---|---|
| من | min |
| کن | kin |
| ژن | ĵin |

٣ـ (u/U) ئەم پیتە بەرانبەر بە واوی کورت(و) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| گوڵ | GuĪ |
| دوڕ | Duŕ |
| گورگ | Gurig |

ب - **پیتی بزوێنی درێژ:** پیتە بزوێنە درێژەکان ژمارەیان پێنج پیتە، بەمشێوەیە:

١ـ (a/A) ئەم پیتە بەرانبەر بە (ا) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| ئازاد | Azad |

| | |
|---|---|
| Aso | ئاسۆ |
| Ako | ئاکۆ |

٢. (ê/ ê) ئەم پیتە بەرانبەر بە (ێ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Sêw | سێو |
| Lêw | لێو |
| Tirê | ترێ |

٣. (Î /Î) ئەم پیتە بەرانبەر بە (ی) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Dîn | دین |
| birîn | برین |
| Masî | ماسی |

٤ـ (û/Û): ئەم پیتە بەرانبەر بە واوی درێژ(وو) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Sinûr | سنوور |
| Kûř | کووڕ |
| çûn | چوون |
| mûsiĪ | مووسڵ |

٥ـ (o/O): ئەم پیتە بەرانبەر بە (ۆ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| دۆ | Do |
| نۆ | no |
| جۆ | Co |

**دووەم ـ پیتی نەبزوێن:** پیتە نەبزوێنەکان لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ژمارەیان(٢٣) پیتە، کە شەش پیتی کەمە، ئێمە هەوڵدەدەین وێنە و نیگار بۆ هەموویان دیاری بکەین:

١ـ (b/B)ئەم پیتە بەرانبەر بە (ب) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| بوون | bûN |
| باران | Baran |
| بەلەم | Belem |

٢ـ (c/C): ئەم پیتە بەرانبەر بە (ج) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| جوان | Cwan |
| جەلال | Celal |
| جەرگ | Cerig |

٣ـ(Ç/ Ç): ئەم پیتە بەرانبەر بە (چ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| چەتر | Çetir |
| چەقۆ | Çeqo |
| ورچ | Wirç |

٤ـ (d/D)ئەم پیتە بەرانبەر بە (د) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| دایک | Daîk |
| دەم | Dem |
| بەرد | Berd |

٥ـ(f/F): ئەم پیتە بەرانبەر بە (ف) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| فرمێسک | Firmêsik |
| فیل | Fîl |
| فانۆس | Fanos |

٦ـ (g/G): ئەم پیتە بەرانبەر بە (گ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| گاز | Gaz |
| گەرما | Germa |
| گەردوون | Gerdûn |

٧ــ (h/H): ئەم پیــتە بەرانبــەر بــە (هــ) لــە ئــەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Behar | بەهار |
| Hêz | هێز |
| Hawker | هاوکار |

٨ــ (ĥ/ Ĥ): ئــەم پیتــە لــە بنەڕەتــدا لــە ئەلفوبێیەکــەی جــەلادەت بــەدرخان و ئــەلفوبێی لاتینــی وێنــەی نییــە، بــەڵکو (ح) هــەر بــە (h) دەنووســن، کــە ئەمــەش خەوشــێکە لــە ئەلفوبێی لاتینــی هەیــە، بــەڵام ئێمــە هێمــای (ĥ) بەرانبــەر بــە (ح) لــە ئــەلفوبێی کــوردی بــە پیتــی عــەرەبی بــەکاردەهێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| Ĥacî | حاجی |
| Ĥec | حەج |
| Ĥeb | حەب |

٩ــ (j ـ ĵ): ئەم پیــتە بەرانبــەر بــە (ژ) لــە ئــەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| ĵIn | ژن |
| ĵiyan | ژیان |
| ĵûr | ژوور |

١٠ــ (k/K): ئەم پیـتە بەرانبـەر بـە (ک) لــە ئـەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Kotir | کۆتر |
| Xak | خاک |
| Karge | کارگە |

١١ــ (l/L): ئەم پیـتە بەرانبـەر بـە لامـی سـووک(ل) لـە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Leş | لەش |
| Lek | لەک |
| Lût | لووت |

١٢ــ (Ī /ī): ئــەم پیتــە لــە بنەڕەتــدا لــە ئەلفوبێیەکــەی جەلادەت بەدرخان وێنە و نیگاری بۆ دانەنراوە، چونکە لە کرمـانجی سـەروو لامـی قەڵـەو(ڵ) نییـە، هەربۆیـە لامـی قەڵەو(ڵ) لە لاتینی هەر بە یەک لامی سووک(l) یان دوو لامـی سـووک (ll) دەینووسـن، کـە ئەمـەش خەوشـێکە لـە ئـەلفوبێی لاتینـی هـەیە، بـەڵام ئێمـە هێمـای (ī) بەرانبـەر بە (ڵ) لـە ئـەلفوبێی کـوردی بـە پیتـی عـەرەبی بـەکاردەهێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| Saī | ساڵ |
| Xaī | خاڵ |

| | |
|---|---|
| ماڵ | Maĩ |

١٣ــ (m/M): ئەم پیــتە بەرانبــەر بــە (م) لــە ئــەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| میوە | Mîwe |
| مۆز | Moz |
| مار | Mar |

١٤ــ (n/N): ئەم پیــتە بەرانبــەر بــە (ن) لــە ئــەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| نەوت | Newit |
| نانەوا | Nanewa |
| نەرم | Nerim |

١٥ــ (p/P): ئەم پیــتە بەرانبــەر بــە (پ) لــە ئــەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| پارە | Pare |
| تۆپ | Top |
| پێنووس | Pênûs |

١٦ــ (q/Q): ئەم پیــتە بەرانبــەر بــە (ق) لــە ئــەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| قەڵا | Qeĩa |
| قاپ | Qap |

| | |
|---|---|
| قاز | Qaz |

١٧.(r/R): ئەم پیتە بەرانبەر بە ڕێی سووک(ر) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| برین | birîn |
| بار | Bar |
| سەر | Ser |

١٨ـ (ŕ/Ŕ): ئـەم پیتـە لـە بنەڕەتـدا لـە ئەلفوبێیەکـەی جەلادەت بەدرخان وێنە و نیگاری بۆ دانەنراوە، چونکە لە کرمـانجی سـەروو ڕێـی قەڵـەو(ڕ) نییـە، هەربۆیـە ڕێـی قەڵەو(ڕ) لە لاتینی هـەر بە یەک ڕێی سـووک(r) یان دوو ڕێـی سـووک(rr)دەینووسـن، کـە ئەمـەش خەوشـێکە لـە ئـەلفوبێی لاتینـی هەیـە، بـەڵام ئێمـە هێمـای (ŕ) بەرانبـەر بـە (ڕ) لـە ئـەلفوبێی کـوردی بـە پیتـی عـەرەبی بـەکاردەهێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| ڕووداو | Ŕûdaw |
| مەڕ | Meŕ |
| بڕین | biŕîn |

١٩ـ (s/S): ئەم پیـتە بەرانبـەر بـە (س) لـە ئـەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| سوور | sûr |
| سێو | Sêw |
| سەرما | Serma |

٢٠ـ (ş/Ş): ئەم پیتە بەرانبەر بە (ش) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| شار | Şar |
| شین | Şîn |
| شاخ | Şax |

٢١ـ (t/T): ئەم پیتە بەرانبەر بە (ت) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| ترێ | Tirê |
| تەماتە | Temate |
| تۆ | to |

٢٢ـ (v/V): ئەم پیتە بەرانبەر بە (ڤ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| مرۆڤ | Mirov |
| ڤین | vîn |
| هێڤی | Hêvî |

٢٣ـ (w/W): ئەم پیتە بەرانبەر بە (و) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Wirya | وریا |
| Sêw | سێو |
| Kawe | کاوە |

٢٤ـ (x/X): ئەم پیتە بەرانبەر بە (خ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Xurma | خورما |
| Xelîl | خەلیل |
| Xanim | خانم |

٢٥.(ʼ): ئەم پیتە لە بنەڕەتدا لە ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان وێنە و نیگاری بۆ دانەنراوە، چونکە دەڵێن پیتێکی کوردی نییە، کە ئەمەش خەوشێکە لە ئەلفوبێی لاتینی هەیە، بەڵام ئێمە هێمای کۆما(ʼ) بەرانبەر بە پیتی (ع) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنین، ئەگەرچی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە سەرەتای وشە ناینووسن، تەنیا لە ناوەڕاستی وشە هێمای بۆ دەکەن، وەک:

| | |
|---|---|
| Umer | عومەر |
| Elî | عەلی |

| | |
|---|---|
| Adil | عادل |
| Şî’ir | شیعر |
| Me’cûn | مەعجوون |

٢٦ـ (Ẍ/ẍ ): ئەم پیتە لە بنەڕەتدا لە ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان وێنە و نیگاری بۆ دانەنراوە، چونکە دەڵێن پیتێکی کوردی نییە، کە ئەمەش خەوشێکە لە ئەلفوبێی لاتینی هەیە، بەڵام ئێمە هێمای (Ẍ/ẍ ) بەرانبەر بە پیتی (غ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| Qepaẍ | قەپاغ |
| Ẍemgîn | غەمگین |
| Tîẍ | تیغ |

٢٧ـ (y/Y)ئەم پیتە بەرانبەر بە (ی) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Wirya | وریا |
| Yarî | یاری |
| Yasîn | یاسین |

٢٨ـ (z/Z)ئەم پیتە بەرانبەر بە (ز) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| زریان | Ziryan |
| زار | Zar |
| زوو | zû |

٢٩. (ʼ): ئەم پیتە لە بنەڕەتدا لە ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان وێنە و نیگاری بۆ دانەنراوە، چونکە دەڵێن پیتێکی کوردی نییە، بەڵکو دەڵێن دەنگێکی زمانی عەرەبییە و لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی، بۆیە ئێمە لێرەدا هێمای کۆما(ʼ) بەرانبەر بە پیتی (ئـ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| ئاسۆ | ʼaso |
| ئازاد | ʼazad |
| ئازا | ʼaza |

کەواتە وەکو دەردەکەوێت، دەکرێ هەموو ئەو کەلێن و کەموکوڕییانەی لە ئەلفوبێی لاتینی هەیە، نەیانهێڵین و لەگەڵ زمانی کوردی بیگونجێنین، بەو واتایەی نابێ بوترێ زمانی کوردی تەنیا ئەلفوبێی عەرەبی بەسەردا ساغدەبێتەوە و دەگونجێت، چونکە ئەم بۆچوونە تەواو نازانستیی و نالۆژیکییە، بەجۆرێک هەموو ئەلفوبێیەک

دەتوانرێ لەگەڵ زمانێکی دیاریکراو بگونجێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ئەلفوبێیانەی ئەمڕۆکە بەکاردەهێنرێت موڵکی تاکە زمانێکی ئەم سەردەمە نییە، بەڵکو چەندین زمان و نەتەوە و نووسینی جۆراوجۆر خاوەنین، بەو واتایەی موڵکی تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و دەکرێ هەموومان بەکاری بهێنین و لەگەڵ ئەو زمانەی کە دەمانەوێت، بیگونجێنین.

بۆیە کورد هەردوو ئەلفوبێ(ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی) بەکاردێنێت و دەشێ دەستبەرداری هیچ یەکێکیشیان نەبێت، چونکە کەلەپوورێکی زۆری نووسینمان بەم دوو ئەلفوبێیە نووسراون، ئەگەرچی لە ڕووی زانستییەوە ئەمە تارادەیەک گونجاو نییە، زمانێک دوو ئەلفوبێ بەکاربێنێت، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستییە بنێین گەر تاڵیش بێ!، ئەمڕۆکە ئێمەی کورد خاوەنی دوو زمانین نەک دوو زار یان یەک زمان، بەو واتایەی لە ڕووی پراکتیکییەوە کورد خاوەنی زمانەکانی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاستە، چونکە ئەم دوو زارە بوونەتە دوو زمان، بەهۆیەوە لە بوارەکانی کارگێڕێی و دامەزراوەکانی میریی و پەروەردەیی بەکاردەهێنرێت، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی

دوو ئەلفوبێین، ئەوانیش ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی و ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی، چونکە هەردوو ئەلفوبێ بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەکاردەهێنرێت.

کەواتە خۆزگە ئێمە خاوەنی یەک زمان و یەک ئەلفوبێ بوونایین، بەڵام کە ئەمڕۆکە ئەم دوو زمان و دوو ئەلفوبێیە بۆتە شتێکی واقیعی و حەتمی، نابێ لێی ڕابکەین و کێشە بۆ خۆمان دروست بکەین، بەڵکو دەبێ ئیتر ئەم ڕاستییە پەسەند بکەین و پەرە بە هەردوو ئەلفوبێیەکە و هەردوو زمانەکە بدەین، بۆ ئەوەی تەواوی کورد لە هەردوو ئەلفوبێیەکە و هەردوو زمانەکە شارەزا بێت و بە لایەوە شتێکی نامۆ نەبێت، لە هەمان کاتدا گەر هەر لە یەک دووربکەینەوە و شارەزایان و هەوادارنی ئەم دیالێکت و ئەو دیالێکت و هەوادارانی ئەم ئەلفوبێ و ئەو ئەلفوبێ دژایەتی یەکتر بکەن، ئەوە دواجار بە زەرەر بۆ زمان و ئەلفوبێ و نەتەوەکەمان دەشکێتەوە.

# بەشی سێیەم

# چەند لایەنێکی ڕێنووسی کوردی

**١. هەمزە(ئـ)**

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، بەڵام بە زۆری لە سەرەتای وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (قورگییە)، لە بەشی دەرەوەی قورگدا پەیدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆک و کپە.

لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / ئـ/ دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ء/ دەنووسرێت، وەک:

**ئەحمەد، ئاگر، ئاو، ئوتو، ئاسمان، ئاسۆ، دەئاخێوێ، بئاخێوە، قورئان، نەء،........هتد.**

زۆر لە زمانناسانی کورد هەمزە / ئـ / بە دەنگ و فۆنیم هەژمار ناکەن، چونکە دەڵێن لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی هێمای نییە، کەچی لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی هێمای هەیە، بەڵام نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە!، بەڵام ئێمە ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەینەوە، چونکە ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا دەبێتە پیت، لەبەر چەند هۆکارێک:

١ـ ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی لە نووسیندا وێنە و نیگاری هەیە.

٢ـ واتای وشە دەگۆڕێت، ئەمیش بە گۆڕینی لەگەڵ فۆنیمی تردا، وەک: **(ئەز ـ بەز ـ ئێش ـ مێش)**.

٣ـ شوێنگۆڕکێ دەکات، واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. لە سەرەتای وشە بە شێوەیەکی فراوان دێت و دەردەکەوێت، وەک: **ئازاد، ئاسۆ، ئاسمان، ئاواز........هتد.** بەڵام لە کۆتایی وشەدا هەرچەندە دەگمەنە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەردەکەوێت، وەک: نەء.

دەبێ ئەوەش بوترێت کە نەنووسینی هەمزە(ئـ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، زۆرجاران سەر لە نووسەر و لێکۆڵەری کورد دەشێوێنێت، وەک لەبری (ئا، ئۆ، ئی)، تەنیا یەک پیت دەنووسێت ( y،o،a)، کەچی هەریەکەیان بریتین لە دوو دەنگی سەربەخۆی تەواو، هەروەها چ جیاوازییەک لە نێوان ( دا، دۆ، دی) و (ئا، ئێ، ئی) نییە، لە ڕووی ژمارەی دەنگەکانیانەوە، ڕێنووسی لاتینی کە بایەخی بە دەنگی / ئـ ـ هەمزە/ نەداوە، هەڵەیەکی گەورە و زلی کردووە، چونکە / ئـ ـ هەمزە/ دەنگێکی ڕەسەن و کۆنی زمانەکەمانە، هەر ئەوەندە هەیە لە ئاخاوتنی ئێستای زمانەکەمان، / ئـ ـ هەمزە/ بە زۆری لە

سەرەتای وشەدا دێت، تەنیا لە ڕێژەی ڕانەبوردوو و داخوازی و هەندێ وشەدا نەبێت، کە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێن، وەک(**دەئاخێوێ، دەئەنجنێ، بئاخێوە، قورئان، نەء........)**، لە بەرانبەریشدا دەبێ ئەوەش بوترێت، کە لامی قەڵەو(ڵ) و ڕێی سووک(ر) لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەدا نایێت، کەچی کەسیش ناڵێ با نیشانە و هێمای بۆ دانەنرێت یان بڵێین با بە فۆنیم هەژماری نەکەین!!.[(١)]

نەنووسین و نەبوونی وێنە و نیگار بۆ هەمزە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، یاسای بڕگەکردنی وشەکانیش دەگۆڕێت، بە نموونە:

| وشە | ئەلفوبێی لاتینی | یاساکەی | ئەلفوبێی کوردی | یاساکەی |
|---|---|---|---|---|
| ئەمە | e/me | v/cv | ئە / مە | cv/cv |
| ئازاد | A/zad | v/cv | ئا / زاد | cv/cv |

وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، ئەم پیتە لە ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان وێنە و نیگاری بۆ دانەنراوە، چونکە

١ـــ مەسعوود محەمەد(١٩٨٠)، ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(٨)، بەغدا، ل٣ .

دەڵێن پیتێکی کوردی نییە، بەڵکو دەنگێکی زمانی عەرەبییە و لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو کوردی، بەڵام ئێمە هێمای کۆما(ʼ) بەرانبەر بە پیتی (ئـ) لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| ʼaso | ئاسۆ |
| ʼazad | ئازاد |
| ʼaza | ئازا |

**٢. بزرۆکە** (i)

پیتێکی بزوێنە، بەزۆری لە ناوەڕاستی بڕگە و وشەدا دێت، و لە هەندێ حاڵەتدا لە کۆتایی بڕگە و وشەدا دێت. بزوێنێکی کورتە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جودا دەبنەوە.

بزرۆکە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی وێنە و نیگاری نییە، بەڵام لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی وێنە و نیگاری هەیە و لە شێوەی / i / دەنووسرێت. وەک:

| | |
|---|---|
| Jin | ژن |
| min | من |
| kin | کن |

| | |
|---|---|
| bin | بن |
| Dil̄ | دڵ |
| zil | زل |
| Lim | لم |
| Sik | سک |
| Giv | گڤ |
| çi | چ |

نەبوونی وێنە و نیگاری دەنگی بزرۆکە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی، یەکێکە لە خەوش و گیروگرفتەکانی ئەو ڕێنووسە، چونکە هیچ بڕگە و وشەیەک لە هیچ زمانێک بەبێ بزوێن دروست نابێت. کەواتە ئەگەرچی لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی وێنە بۆ هەمزە(i) دانەنراوە، بەڵام لە ناوەرۆک و بابەتی بڕگەسازیدا بوونی هەیە و دەبێت، کەچی بزرۆکە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ئەم کێشەیەی نییە، چونکە بۆ دەنگی بزرۆکە، وێنە و نیگاری داناوە و دەنووسرێت، ئەویش نیگاری (i)یە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، نووسەران و زمانناسانی کورد هەریەکە بەگوێری تێڕوانینی خۆی هەوڵی داوە نیگار و وێنەیەک بۆ ئەم دەنگە دابنێت، لەم

بارەوە(تۆفیق وەهبی) ساڵی ١٩٢٩ لە کتێبی ((دەستووری زمانی کوردی))دا، پیتی (ی)ی بۆ کردبووە نیگار[١]، بەڵام ئەم نیگارە لەگەڵ پیتی (ی ـ Î) لەیەکدەچن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هێشتاکە زمانەوانانی کورد هەستیان بە بوونی بزرۆکە(i) نەکردبوو، بۆیە ئەوکات ئەو گیروگرفتە هەر مایەوە.[٢]

ئەگەرچی (مەسعوود محەمەد) دەربارەی نیگاری بزرۆکە(i)، بۆچوونی تری هەیە و پەیوەستی دەکات بە گوشین و دووبارەکردنەوەی پیت، لەم بارەوە دەڵێت: ((بۆ ئەوەی کە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (کسرة مختلسة ـ من لە نووسینەکانی خۆمدا پێی دەڵێم ((قورسکردن)) )، بەشێکی زۆری وشەکانی کوردیی ئەم قورسکردنەیان تێدایە، کە غالبی ڕێکخەرانی ئەلفوبێی کوردیی بە لاتینیی پیتیان بۆ داناوە، بێ ئەوە لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ ئەو دەنگە بەشێکی پێکهێنەری وشەکەیە، یاخود زەروورەتێکی

---

١- تۆفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا، ل ٥.

٢ـ محەمەد حسێن عەلی زەهاوی(١٩٩٩)، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی ماستەر، بەشی کوردی ـ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ل٣٤.

فۆنەتیکە، کە دەربڕینی دەنگ لە حاڵەتی تایبەتیدا داخوازیی دەکـات. بە نمـوونە، تـۆ کە دەڵێـی (گەنـم) بە ناچـاریی قورسایی (کسرة مختلسة) دەخەیتە سەر دەنگی (ن)، بۆ ئەوەی بتـوانی تلفظـی پێبکەیـت و بەدوا ئەودا دەنگـی (م)ەکەش دەربڕیت، کە هەردووکیان لە وشـەکەدا بزوێنی ئاشکرایان نییە، بەڵام کە هاتی میمەکەت بزواند و گوتت (گەنمەکە) قورسایی سـەر نوونەکە نامینێت و بەتـەواویی دەوەستێت. زەروورەتەکەش لەوەوە دێت کە دەنگی نوون بە وەستاویی تەواوەوە لەپێش دەنگی میمی وەستاوەوە نایەت)).[1] ئەگەر لە بۆچوونەکەی (مەسعوود محەمەد) وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە مامۆستا بە حاڵەتێکی فۆنەتیکی نابەستێتەوە، بەڵکو بە پێویستییەک ناوزەدی دەکـات، دیـارە بـوونی بزرۆکـە(i) لـە بڕگـە و وشـەدا حاڵـەتێکی فۆنـەتیکیی و پێویسـتییە، ئـەویش وەکـو پێشـتر ئاماژەم بۆی کرد، کە بڕگە و وشە بەبێ بزوێن سازنابێت، بۆیە هەر کاتێ بڕگە و وشـەیەکمان بینی، بزوێنەکەی لە ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی دیار نەبوو و نەبینرا،

---

١- مەسعوود محەمەد(١٩٧٦)، ڕێنووسی کۆڕ، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)، بەرگی چوارەم، ل ٢٥٣.

ئەوە بێ سێ و دوو دەبێ بزرۆکە(i)ی بۆ دابنێین و بۆی زیاد بکەین.

کەواتە بزرۆکەش ئەو کورتە دەنگەیە، کە دەکەوێتە نێوان دوو نەبزوێن، واتە لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی دروستبوونی نەبزوێنی یەکەم بۆ نەبزوێنی دووەم لەناو دەمدا، نەختێک هەوا دەردەچێ و ئەم بزرۆکەیە دروست دەکات. بۆ نموونە لە وشەی (من)دا، هەردوو دەنگی /م/ و /ن/دا هەوا لە لووت دەردەچێ، بەڵام لە /م/دا جووتبوونی لێوەکان ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە /ن/دا جووتبوونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشوو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەڵام تا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرز دەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشوو، نەختێ هەوا لەمیانی ئەو کرداری ڕاگوێزانەوە دزە دەکات و لە دەم دەچێتە دەرەوە، بەم بڕە هەوایە، بزرۆکە دروست دەبێت. ئەم بڕە هەوایەش ئەگەر لە نێوان دوو دەنگی کپ بێت، وەکو: (**خت، کش، چک، پف، کپ،.. هتد**) بە کپی دەردەچێ و ئەگەر لەنێوان دوو

دەنگی گڕ بێ، بە گڕی دەردەچێ، وەک: **(من، ژن، گڤ، بن، کن،...هتد)**[1].

**٣. واوی درێژ(وو ـ Û)**

ئەم پیتە بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لە یەک نزیک دەبنەوە و خڕ دەبن.

واوی درێژ(وو ـ Û) پیتێکی بزوێنە، تەنیا لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، هەرگیز لە سەرەتای وشە نایێت، چونکە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی، بزوێن لە سەرەتای وشە نایێت.

لە ناوەڕاستی وشە:

| | |
|---|---|
| **سنوور** | Sinûr |
| **کووڕ** | Kûŕ |
| **چوون** | çûn |
| **مووسڵ** | MûsiĪ |
| بوون | bûn |

١ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(٢٠١٢)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، هەولێر، ل ٩٨ ـ ٩٩.

| | |
|---|---|
| dûr | دوور |

لە کۆتایی وشە:

| | |
|---|---|
| dû | دوو |
| ŕû | ڕوو |
| zû | زوو |
| Xanû | خانوو |
| Dezû | دەزوو |
| Morû | مۆروو |

زمانناسان و شارەزایان لەبارەی واوی درێژ(وو ــ û) بۆچوونی جیاجیا و جیاوازیان هەیە، بەجۆرێ زۆربەیان باوەڕیان بە واوی درێژ(وو ــ û) نییە و ڕەتی دەکەنەوە، لەوانە (مەسعوود محەمەد) نووسینی واوی درێژ(وو) ڕەتکردۆتەوە و دەڵێت:((وەک دیارە دوو ڕێگەمان لەپێشە بۆ بڕیاردان لەو کێشەیەدا، یەکێکیان ئەوەیە بە دوو واو بنووسرێ، دووەمیشیان ئەوەیە نیشانەی بۆ دابندرێت. ئەوانەی بە دوو واوی دەنووسن، دەڵێن چونکە واوی درێژ دوو هێندەی واوی کورتە بزوێنی بۆرە [ضمة)ی عەرەبی]، بۆریش بە یەک واو دەنووسین، جێی خۆیەتی ئەویان بە دوو واو بنووسرێ. ئەم لێکدانەوەیە ڕاستی

گەورەتـر و گرنگتـری لەبیرچـووە: یەکەم: دەبـوو لەڕێـی قیاسەوە ئەلفیش بە دوو نیشانەی سەر (فەتحەی عەرەبی) بنووسرێ، چونکە دەڵێن دەنگی ئەلف دوو هێندەی دەنگی فەتحە درێژە. دووەم: واوی درێژ چ کراوە بێت (ۆ) و چ تیژ بێت، یەک دەنگە، نەک دوو دەنگ، بەو پێیە یا دەبێ واوی کـراوەش بە دوو پیـت بنووسـرێ یـا واوی تیـژ نیشـانەی بـۆ دابنـدرێ. ڕاسـتییەکەی تێکـڕای دەنگـە تەواوەکان بە کۆنسۆنانت و بزوێنیـەوە مـافی ئـەوەی دەبێ بـە دوو پیت بنووسـرێ. سـێیەم: کـە کورتـە بـزوێن نیـو هێنـدەی واوی تیـژ بـێ، پێویسـتە خـۆی بـە نیـو پیـت بنووسـرێ. مـەنتیق داوا دەکـات نیـو دەنـگ نیـو پیتـی پـێ بدرێ نەک یەک دەنگ دوو پیتی پێ بدرێ))[1]. بە هـەمان شێوەش (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش واوی درێژ(وو ـ Û) ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت:((وەک ئاشکرایە بۆ هەر دەنگێک لە دەنگەکانی زمانی کوردی پیتێک کراوەتە وێنە، بـەڵام بۆ نیشـاندانی دەنگـی (و)ی درێـژ دوو پیت دانـراوە، بێگومـان هـیچ لێکدانەوەیـەک ڕێگـە بـەوە نـادات کـە دوو پیت بکرێتـە

---

١- مەسـعوود مـحەمەد(١٩٨٢)، چارەسـەرکردنی گیروگرفتـەکانی ڕێنـووس و ئـەلفوبێی کـوردی، (گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عێـراق ـ دەستەی کورد)، بەرگی نۆهەم، بەغدا، ل ٢٧٤.

نیگاری یەک دەنگ، ئەوەی لایەنگیرانی دوو واو نووسینی بە هەڵە بردووە، ئەوەیە کە لە کوردیدا بەرانبەر دەنگی (و)ی درێژ، دەنگی (و)ی کورت هەیە، نووسینی دوو واو لە سەرێکی تریشەوە تووشی ئەندێشەیەکمان دەکات، ئەویش ئەوەیە، ئێمە لە کوریدا بۆ نووسینی دەنگێ کە هێز (النبره ـ Stress) لەسەر بێ دووجار پیتەکە دەنووسین، وەک (میللەت، کەللە...). جا ئێمە کە دەستوورەکەمان بۆ دەربڕینی هێز ئەوە بوو پیتەکە دووبارە بکەینەوە، لە نووسینی دوو (و)دا دەستوورەکەمان لێ هەڵدەوەشێتەوە، چونکە مەبەستمان هێز نییە))[1].

دیارە ئەم دوو بۆچوون و تێڕوانینەی هەردوو زانای گەورە، پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە، چونکە واوی درێژ(وو ـ û) پەیوەندی بە گوشین و دووبارەکردنەوەی پیتەوە نییە، بەڵکو پیتێکی ڕەسەنی کوردییە و خودی زمانەکەمان ئەم پیتەی چەسپاندووە، لە هەمان کاتیشدا لە فۆنۆلۆجیدا لە زۆر شوێندا ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێت، کە واوی درێژ(وو ـ û) بوونی هەیە، ئەم حاڵەتە وەنەبێ

[1]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٨٦)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا، ل ٩٢.

تــەنیا لــە کوردیــدا بــوونی هــەبێت، بــەڵکو لــە زمــانی ئینگلیزیشدا هەیە.

هەندێکی تریش بڕوایان وایە واوی درێژ(وو ـ û)، بۆیە لە کوردیدا جێگەی نابێتەوە، چونکە بە لابردنی یان دانانی واتای وشە ناگۆڕێت، دیارە گۆڕێنی واتای وشە یەکێکە لە مەرجەکانی بوونی فۆنیم یان پیت، چونکە لە دەنگسازیدا کۆمەڵێ مەرج هەن، بۆ ئەوەی دەنگێک بە پیت هەژمار بکرێت، چونکە لە هەموو زمانەکان چەند پیتێکی دیاریکراو هەیە، ناکرێ هەموو دەنگەکانی دەوروبەرمان وەرگرین و لە بەرانبەریدا پیتی بۆ دابنێین، بەڵکو هەر زمانەی چەند دەنگێکی دیاریکراوی وەرگرتووە و لە بەرانبەریدا نیگار و پیتی بۆ داناوە. وەکو ئاماژەمان بۆی کرد لە فۆنۆلۆجیدا کۆمەڵێ مەرج هەن، بۆ ئەوەی دەنگێک بە پیت هەژمار بکرێت، لەوانە: جێگۆڕکێکردن، وێنە و نیگار، گۆڕینی واتا.....هتد. واتە بە تەنیا گۆڕینی واتا نابێتە پێوانە بە دانانان یان داننەنان بە بوونی پیت، ئەگەرچیش لە هەندێ نموونە لە زمانی کوردیدا واوی درێژ(وو ـ û) دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، لەوانە:

**(کوڕ) ـ (کووڕ)**

## ٤. واوی کورتی بزوێن(و ـ u) و واوی نەبزوێن(و ـــ w)

**واوی کورتی بزوێن(و ـ u)**، ئەم پیتە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی کورتە، لە کاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لەیەک نزیک دەبنەوە و خڕ دەبن.

ئەم پیتە لە هەردوو شوێندا لە شێوەی / و / دەنووسرێت، وەک:

**گـوڵ، دوڕ، گـورگ، کـورد، کوردسـتان، لـوڕ، کـوڕ، کورسی، شیو، فریو، خوڕت، نافورە، زوڕنا .....هتد.**

بەڵام **واوی نەبزوێن(و ـــ w)**، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتـایی وشـەدا دێت. ئەم دەنـگە لە دەربڕینـدا دەنگێکـی (لێوییە)، لە درکاندنیدا هەردوو لێو کـاردەکەن، و دەنگێکـی خشۆک و گڕە.

ئەم پیـــتە لە هەر ســـێ شـــوێندا لە شـــێوەی / و / دەنووسرێت، بەم شێوەیە:

ســـەرەتای وشـــە: **وریـــا، وشـــە، وەرە، وس، وازی، وشیار،ون،ورچ.....**

ناوەڕاســـتی وشـــە: **جـوان، شـوان، کـاوە، دوا، ڕەوا، پەروێز، سوا، نەوا، سەوا، زاوا.......**

کۆتایی وشە: **دێو، سێو، لێو، مێو، کێو، ڕاو، ناو، باو، لاو.....**

یەکێ لەو خەوشانەی کە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی هەیە، بوونی یەک وێنە و نیگارە بۆ پیتی (و) لە هەردوو حاڵەتی بزوێن و نەبزوێن، چونکە ئەمە کێشە بۆ ئەو کەسانە دروستدەکات، کە بەشێوەیەکی زانستیی دەیانەوێت فێری زمانی کوردی ببن، جا قسەکەری زمانەکە بێت یاخود قسەکەری زمانی دووەم بێت، لەبەرئەوەی لە فۆنەتیکدا بەرانبەر دەنگێک پیتێک دیاری دەکرێت نەوەک دوو پیت، کە ئەمەش خەوشێکی گەورەیە لەم ڕێنووسەماندا هەیە، ئەگەرچی لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ئەم کێشەیە چارەسەر کراوە، چونکە دووپیتی جیا دانراون.

نموونە بۆ واوی کورتی بزوێن(**و ـ u**) لە هەردوو ڕێنووسەکە:

| **ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی** | **ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی** |
|---|---|
| گوڵ | Guł |
| دوڕ | Duŕ |
| گورگ | Gurg |

| | |
|---|---|
| Kurd | کورد |
| Kurdistan | کوردستان |
| Luŕ | لوڕ |
| Kuŕ | کوڕ |
| Kursî | کورسی |
| Şyu | شیو |
| fryu | فریو |
| xurt | خورت |
| Nafure | نافوره |
| Zuŕna | زوڕنا |

نموونه بۆ واوی نەبزوێن(و ــ W) له هەردوو ئەلفوبێیەکە:

| ئەلفوبێی کوردی به پیتی لاتینی | ئەلفوبێی کوردی به پیتی عەرەبی |
|---|---|
| Wirya | وریا |
| Wişe | وشه |
| were | وەره |
| cwan | جوان |

| | |
|---|---|
| Şiwan | شوان |
| Kawe | کاوە |
| Dêw | دێو |
| Sêw | سێو |
| Mêw | مێو |

بۆ جیاکردنەوەی پیتی واوی کورتی بزوێن(و ــ u) و واوی نەبزوێن(و ــ w) ئەم خاڵانە پێویستە بگرینە بەر:

١ـ ئەگەر لە سەرەتای بڕگە یان وشە بێت، ئەوا / و/ کورتە و نەبزوێنە، وەک: **واتا، وازی، واژە، واڵا، وانە، وەچە، وەرین، وەرز، وەرگرتن، وردە، وەرە، وەرزێڕ، وەستان، وەنەوشە، ورتە، وریا، ورچ، ورشە، وشک، وڵات، وتار، وڵاخ، وێران، وێژە، وێنجە، وێنە، ویستن...هتد.**

٢ـ ئەگەر لە ناوەڕاستی بڕگەدا بێت، ئەوە / و/ کورتە، لە هەردوو شێوەی نەبزوێن و بزوێن دەردەکەوێت، بەمشێوەیە:

لە شێوەی نەبزوێندا:

**جوان، دوان، ڕوان، ژوان، شوان، گوان، لوان...**

لە شێوەی بزوێندا:

**خوڕ، دوڕ، شوڕ، کوڕ، گوڕ، لوڕ، هوڕ...**

٣ـ ئەگەر لەپێش یان دوای (و)، پیتێکی بزوێن بێت، ئەوە پیتی(و) لە شێوەی نەبزوێندا دەردەکەوێت، وەک: **ئاو، ئەو، چاو، خەو، خاو، دێو، ڕاو، زیو، سێو، شێو، لاو، لێو، مێو،...هتد.**

٤ـ ئەگەر لەپێش یان دوای (و)، پیتێکی نەبزوێن بێت، ئەوە پیتی(و) لە شێوەی بزوێندا دەردەکەوێت، وەک: **کورد، گوڵ،....هتد.**

### ٥ـ پیتی بزوێن(ی ـ î) و پیتی نەبزوێن(ی ـ y)

**پیتی بزوێن(ی ـ î)**، پیتێکە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو تەنیشت دەکشێن.

ئەم پیتە لە ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / یـ / دەنووسرێت، لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ی / دەنووسرێت، وەک:

**هەویر، پەنیر، زیو، ڕیش، فیل، پشیلە، شین، ئوتی، بیبەر، فیزا، ماسی، دەرزی، فڕی، نێری، یاری، سەرین،...هتد.**

بەڵام **پیتی نەبزوێن(ی ـ y)**، پیتێکە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەبڕیندا

دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆک و گڕە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / یـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ی / دەنووسرێت، بەم شێوەیە:

سەرەتای وشە: **یاری، یاسین، یەک، یار، یەمەن، یەریڤان، یەکبوون، یەکگرتن، یەکپۆش،........**

ناوەڕاستی وشە: **چیا، پەیژە، بۆینباخ، قەیسی، پیاز، مەیموون، پاییز،**

کۆتایی وشە: **ئەی، ئۆی، ئای، وەی، دەی،.....هتد.**

بزوێنی (ی ـ آ ) لە زمانی کوردیدا یەک فۆنیمە، نەک دوو، گەرچی هەندێ جار کورت و هەندێ جار درێژ گۆ دەکرێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە دوو پیتی جیای (ی) لە زمانی کوردیدا هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر یەک پیت و دەنگە و جیایە لەگەڵ واوی کورت(و) و واوی درێژ(وو).

ئەورەحمانی حاجی مارف لەم بارەوە دەڵێت:((بەداخەواوە زمانەوانی کورد بە پێوانەی عەرەبی وایان داناوە، کە لە کوردیشدا دوو بزوێنی (ی) هەیە، کە یەکێکیان کورتە و ئەوی دیان درێژ- واتە یەکێکیان وەک

ژێـــــر (کســـــــرة) و ئەوی تریـــــان وەک (ی). بـــــۆ جیاکردنەوەشـــیان دووەمیـــان بە دوو (ی) نووســـیوە، لە ڕێنووسی کۆڕیشدا لە بریتی دوو (ی)، (ی ـ کەشیدەیەک لەسەری) بەکارهێنراوە، بە ڕای من ئەمە بەزۆر سەپاندنی فۆنیمی عەرەبییە بەسەر کوردیدا))[1].

کەواتــە نــاکرێ هەمــان ئــەو مامەڵەیــەی لەگــەڵ واوی کورت(و ـ u ) و واوی درێـژ(وو ـ û )دا کراوە، لەگـەڵ (ی)یشـدا بکـرێ، چـونکە واوی کـورت(و ـ u ) و واوی درێژ(وو ـ û )، دوو فۆنیمی جیان و بە گۆڕینیان، جیاوازی دەکەوێتە نێوان وشەوە و وشەی نوێ دروست دەبێ، بۆ نمـوونە گەر لە وشــەی (کـوڕ)دا، دەنگـی (و ـ u ) بکـرێتە (وو ـ û)، ئەوە وشــەکە دەبێـتە (کــووڕ)، واتە جیـاوازی کەوتە نێوانیـانەوە و ئەو جیـاوازییەش بەڵـگەی ئەوەیە، کە دوو فۆنیمن. هەرچی (ی)یە، کورت و درێژی وتنی، نـابێتە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی نێـوان وشــە، جـا لەبەر ئەوە ناشـێ بە دوو فـۆنیمی جیـاواز دابنـرێ. کە دوو فـۆنیمیش نەبـێ، پێویست ناکا لە نووسیندا دوو نیگاری جیای بۆ دابنرێ.

---

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٨٦)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا، ل ٩٣.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین بزوێنی (ی ـ Î) لە ڕووی نیگارەوە کێشەی نییە، بەڵام کاتێ دوو(ی) یان پتر بە دوای یەکدا دێن، واتە ئەو وشانەی کۆتاییان بە یەک پیتی(ی) یان دوو پیتی(ی) دێ و پاشگرێکیان بە دوا دادێ، کە بە پیتی(ی) دەست پێبکات، پێویستە لە نووسیندا فەرامۆشی هیچیان نەکرێ، ئەگەر لە گۆکردنیشدا دەرنەکەون.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی یەک نیگار بۆ پیتی بزوێنی(ی) و نەبزوێنی(ی) دانراوە، کە ئەمەش هەندێ جار کێشەی بۆ شارەزایان و قسەپێکەری زمانی دووەم دروستکردووە، بۆیە لێرەدا گەرەکە هەندێ تایبەتمەندی بخەینەڕوو، کە (ی)ی بزوێن لە (ی) نەبزوێن لە ڕێنوسی کوردی بە پیتی عەرەبی جیابکاتەوە، کە بەمشێوەیە:

١ـ ئەگەر لە سەرەتای بڕگە یان وشە بێت، ئەوە / ی/ نەبزوێنە، وەک: **یاری، یاسین، یەک، یار، یەمەن، یەریڤان، یەکبوون، یەکگرتن، یەکپۆش،........هتد.**

٣ـ ئەگەر لەپێش یان دوای (ی)، پیتێکی بزوێن بێت، ئەوە پیتی(ی) لە شێوەی نەبزوێندا دەردەکەوێت، وەک:

**چیا، پەیـژە، بۆیـنباخ، قەیـسی، پیـاز، مەیـموون، پایـیز، ئەی، ئۆی، ئای، وەی، دەی،.....هتد.**

٣. ئەگەر لەپێش یان دوای (ی)، پیتێکی نەبزوێن بێت، ئەوە پیتی(ی) لە شێوەی بزوێندا دەردەکەوێت، وەک: **چی، دین، چین، زین، شین....هتد.**

لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی چارەسەری ئەم کێشەیە کراوە، چونکە دوو نیگار بۆ ئەم دوو دەنگە دانراوە و تەواو لێک جیاکراونەتەوە، بەمشێوەیە:

(Î /î) ئەم پیتە بەرانبەر بە (ی)ی بزوێن لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Dîn | دین |
| birîn | برین |
| Masî | ماسی |

(y/Y)ئەم پیتە بەرانبەر بە (ی)ی نەبزوێن لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێ، وەک:

| | |
|---|---|
| Wirya | وریا |
| Yarî | یاری |
| Yasîn | یاسین |

**٦. ڕێی قەڵەو(ڕ) و ڕێی سووک(ر)**

**ڕێی قەڵەو(ڕ)**، پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێ، و دەنگێکی لەرزۆک و گڕە.

ئەم پیتە لە هەر سێ شوێندا لە شێوەی / ڕ / دەنووسرێت، بەمشێوەیە:

سەرەتای وشە: **ڕێوی، ڕزگار، ڕاستی، ڕووداو، ڕەنگ، ڕەز، ڕەش، ڕەشەوڵاخ، ڕۆژ، ڕۆژنامە.....هتد.**

ناوەڕاستی وشە: **زوڕنا، فڕۆکە، بڕین، کڕین، سڕین، دڕین، فڕین،....هتد.**

کۆتایی وشە: **کەڕ، پەڕ، تەڕ، مەڕ، لەڕ، دوڕ، لووڕ، کوڕ،.....هتد.**

بەڵام **ڕێی سووک(ر)**، پیتێکی نەبزوێنە، تەنیا لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، چونکە هەرگیز لە سەرەتای وشەدا نایێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی لەرزۆک و گڕە.

ئەم پیتە لە هەر دوو شوێندا لە شێوەی / ر / دەنووسرێت، بەمشێوەیە:

ناوەڕاستی وشـە: **بەرد، مێروولە، سـارد،، کورسـی، دەروون، وریا، زەریا، دەریا....هتد.**

کۆتـایی وشـە: **کـار، کـۆتر، مـار، پـار، لار، بـار، دار، زار،هار، .....هتد.**

بـۆ دەنگـی ڕێـی قەڵـەو(ڕ) چەنـد شـێوەیەکی جیـاوازی بـەکارهاتووە. پێشـتر هەنـدێ نووسـەر دەنگـی (ڕ)ی قەڵەویـان بە دوو پیـت نووسـیوە، وەک: (مەرر، درریـن، بررین...)، دیارە ئەم بۆچوونە مایەی پەسەندکردن نییە، چونکە ئەگەر لە وشەیەکدا دوو ڕێی قەڵەو(ڕ) کەوتنە پاڵ یەکتری، ئەو دەمە دەبێ چوار (ر) ڕیز بکەین، ئەمەش شتێکی نازانستییە و نیشانەی قەڵەوی ناگەیەنێ و شتێکی تەواو نامۆیە. لەم بارەوە مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت:((لەلایەن نووسینی دوو (ر) لەبری ڕێی قەڵەو: من بەش بە حاڵی خۆم لە هیچ حاڵ و باردا ڕەوا نابینم بۆ تاکە دەنگ دوو پیت قەراردادە بکرێ چونکە تاکە یەک هۆ و بەڵگە پشتگیری لێ ناکات))[1].

---

١- مەسعوود محەمەد، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی، گ. کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، ل ٢٧٢.

کەواتە ڕێی قەڵەو(ڕ) لە هەر شوێنێکی وشەدا بێت، جا لە سەرەتا یان لە ناوەڕاست یان لە کۆتایی وشەدا بێت ـ ئەوە پێویستە چوکڵەی بخرێتە ژێر، وەک:

سەرەتای وشە: **ڕووناک، ڕێوی، ڕۆژ، ڕێزان، ڕێباز، ڕەشاد، ڕاست، ڕێنووس، ڕۆشنبیر.....**هتد.

ناوەڕاستی وشە: **فڕین، کڕین، دڕین، بڕین، سڕین.......**هتد.

کۆتایی وشە: **کوڕ، شۆڕ، مەڕ، کاوڕ، باوەڕ، بازاڕ، تەڕ، شەڕ.......هتد.**

لە لایەکی تریشەوە هەندێ لە نووسەران کێشە لەبارەی شوێنی چوکڵەکە دەخەنەڕوو، بەجۆرێک هەندێ پێیان وایە شوێنی چوکڵەکە بخرێتە سەرەوەی دەنگەکە نەک ژێرەوەی، کە ئەمەش کێشەیەکی گەورە دروست دەکات و جێگەی پەسەندکردن نییە، چونکە دانانی چوکڵە لەسەر (ر) بۆ کردنی بە ڕێی قەڵەو لە ڕووی هونەریی و جوانکارییەوە ناڕاستە، لەبەرئەوەی چوکڵە خستنە سەر (ر)، وا لە (ر)ەکە لە نووسیندا دەکات، لەگەڵ دەنگەکانی (ز) و (ژ) تێکەڵ بن و لەگەڵ یەکتری بگۆڕێن و ڕێنووسەکە زەحمەتتر بکات.

بەشـــێکی زۆری نووســـەران ئەمڕۆکـــە لەســـەر ئـــەو باوەڕەن، کە ئەگەر (ڕ) کەوتە سەرەتای وشەوە، پێویست ناکات چوکڵەکە دابنرێت، بەو پێیە گوایە (ڕ)ی سەرەتای وشە هەمیشە قەڵەوە و هەمیشە قسەپێکەری کورد دەم بە (ر)ی لاواز ناکاتەوە. لەم بارەیەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) زانستییانە بیروڕای خۆی دەربڕیوە و دەڵێت:((بە بیـری مـن ئەو کەسـانە زۆر بەهەڵەدا چـوون، چـونکە لە زمـانی کوردیـدا دوو فـۆنیمی (ر) و (ڕ) هەیە، واتە یەکێک لاواز و یەکێـک قەڵەو، بە وێـنە لە وشـەی (کەر)دا، ئەگەر فۆنیمی (ر) بکرێت بە (ڕ)، ئەوە وشەی (کەڕ) پەیدا دەبێ، کە جیـاوازییەکی تەواو لە مانایانـدا هەیە، جـا بەپێـی ئەو پێویسـتییە لە ڕێنووسـی کوردیـدا دوو پیـت بـۆ ئەو دوو فۆنیمە دانراوە، کە ئەویش نیشانەی جیاکردنەوەیانە))[1].

لــە هــەمان کاتیشــدا (وریـا عـومەر ئەمـین) هــەمان بۆچوونی لـەم بارەوە خستۆتەڕوو و لەگـەڵ بـەکارهێنانی چوکڵەیـە لـە هـەموو ئـەو شـوێنانە پێویسـتە دابنرێـت، کـە دەڵێت:((ئەو ڕایەی کە دەڵێ لەبەر ئەوەی هەمـوو (ڕ)یەک لە سـەرەتای وشـەی کـوردی دەرکەوێ، قەڵەوە، بـۆیە لە

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٨٦)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا، ل ١٠٥ ـ ١٠٦.

نووسـینا پێویسـت بەوە ناکـات نیشـانەی (قەڵەوی)ی بـۆ دابنرێـت، ڕایەکـی پـووچە و بە تیشـکی نەزەریـیەی فـۆنیم فــش دەبێــتەوە، دەرنەکەوتنــی (ر)ی لاواز لە ســـەرەتای وشـەی کوردی یاسـایەکی فۆنۆلـۆجییە لە زمـانی کوردیـدا، پەیوەندی بە (ڕ)ی قەڵەوەوە نییە...))[1].

کەواتە ڕێی قەڵەو(ڕ) لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتـایی وشــە دەبێت بنووسـرێت، بـەو واتایـەی چوکڵەکـە لـە هـەر سێ شوێنەکە بەکاربهێرێت و پشتگوێ نەخرێت.

لە کرمانجی سەروو و ئەلفوبێی لاتینیدا، ڕێی قەڵـەو(ڕ) نیگاری بۆ دانەنراوە، بەڵکو هەر بە ڕێی سووک(ر) هێمـای بۆ کراوە، واتە هێمای (r)ی بۆ دانراوە، کە ئەمەش خەوش و کەموکوڕییـەکی گـەورەی لاتینییـە، ئەگـەرچی ئێسـتاکە سێ ئاراسـتە لـە ڕێنووسـی لاتینی بـۆ ڕێـی قەڵـەو(ڕ) لـە ئارادایە، بەو واتایەی نووسەران بە سێ شـێوە ڕێی قەڵـەو دەنووسن، بەمشێوەیە:

ڕ = r،rr،ŕ

---

١- وریا عومەر ئەمین(١٩٨٢)، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەک، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد)، بەرگی ٩، ل ٤٤٢.

لــه وشــەدا جیانەکردنــەوەی ڕێــی ســووک(ر) و ڕێــی قەڵەو(ڕ) لـە یـەکتری، کێشـەیەکی گـەورە دروسـت دەکات، هەروەکو ئەم نموونانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| Ker | کەڕ | Ker | کەر |
| birîn | بڕین | birîn | برین |

لـەم نموونانـەی سـەرەوەدا وشـەکانی (کـەر) و (کـەڕ)، (بـرین) و (بـڕین)، هــەر یەکــەیان واتایــەکی تایبــەتی و دیاریکراویان هەیە و بۆ مەبەستێکی تایبەتیش بـەکاردێن، واتە تەنیا بە چوکڵەکەی ژێر ڕێیەکە، واتاکەی دەگۆڕێت.

بۆیە ئێمـە پێشـنیازی هێمـا(ŕ) بـۆ ڕێی قەڵـەو (ڕ) دەکـەین، بەمشێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| Keŕ | کەڕ | Ker | کەر |
| biŕîn | بڕین | birîn | برین |

**٧. پیتی** (ح)

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە بەشی سەرووی ئەوکدا پەیدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆک و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / حـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ح/ دەنووسرێت:

لە سەرەتای وشە: **حاجی، حەج، حوشتر، حیزب، حەیزەران، حکومەت، حەب، حەلوا، حەوز، حەوێز....هتد.**

لە ناوەڕاستی وشە: **مەحموود، محەمەد، ڕەحمان، ڕەحیم،...هتد.**

لە کۆتایی وشە: **ساڵح، نووح، ڕۆح....هتد.**

ئەم پیتە لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینیدا کێشەی نیگار و وێنەی هەیە، چونکە هەندێ کەس پێیان وایە دەنگی /ح/، دەنگێکی ڕەسەنی کوردی نییە، بەڵکو بە کاریگەریی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردی هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەڵگەش دەهێننەوە، گوایە لە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان ئەم جۆرە پیتە بەدی ناکرێت، بەو واتایەی نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی، بەتایبەتی گەلە هیندۆ ئەورووپییە ناموسڵمانەکان، بەڵام گومانی تێدا نییە، ئەم پیتە لە زمانی کوردیدا لە پیتە خۆماڵییەکان دەبینرێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی ئەم دەنگە نرخی بۆ دانەنراوە و هیچ هێمایەکیان بۆ نەکراوە بە پیت،

ئەوەی بۆیـان دانـراوە وەک: /h- ح/ە، ئەو هێمـایەش هەوڵ و بۆچوونی تاکە کەسـی و تـایبەتین.[١] بـەو واتایـەی پیتـی (ح) لـە لاتینیدا نیگاری نییە و بـە هەڵـە (h)ی بـۆ دانـراوە، کـە ئەمـەش هەڵەیـە، چونکـە (h) بەرانبـەر پیتـی (هــ) ە، واتـە نـاکرێ لـە ئـەلفوبێی کـوردی بـە پیتـی لاتینـی بـۆ دەنگـەکانی (هــ) و (ح) نیگاری (h) دابنرێت، بە نموونە:

| | |
|---|---|
| حاجی | Hacî |
| حەب | Heb |
| مەحموود | Mehmûd |
| محەمەد | Mihemed |
| ساڵح | Salih |
| نووح | Nûh |

بـەڵام ئێمـە هێمـای(ĥ) بەرانبـەر بـە (ح) لـە ئـەلفوبێی کـوردی بـە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنین، تاکو لە پیتی (هـ) جیابکرێتەوە، وەک:

| | |
|---|---|
| حاجی | Ĥacî |
| حەج | Ĥec |
| حەب | Ĥeb |

---

١ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ(د)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، ل ٨٩.

### ٨. پیتی (ص)

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و دەنگێکی خشۆک و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / صـ/ دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ص/ دەنووسرێ.

ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا پیتی (ص) نییە، کەچی دەنگی (ص) لە هەندێک وشەی زمانەکەمان هەستی پێدەکرێت، وەک (سەد، سەگ،ساڵ)، بەڵام لەبەرئەوەی لە ئەلفوبێی کوردیدا وێنە و نیگاری نییە، بۆیە ناکرێت بە پیتی (ص) بنووسرێت، بەڵکو دەبێ هەر بە (س) بنووسرێت.

| وشەی هەڵە بەکارهێنراو | وشەی دروست بەکارهێنراو |
|---|---|
| صەد | سەد |
| صاڵ | ساڵ |
| صەگ | سەگ |
| صابوون | سابوون |
| صەموون | سەموون |

| | |
|---|---|
| صاڵح | ساڵح |
| صەمەد | سەمەد |

### ٩. وشەی دارِژاو

وشەی دارِژاو بەو وشانە دەوترێت، کە لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگر یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێکدێت، لە وشەی دارِژاودا پێویستە وشەکان بەسەریەکەوە بنووسرێن و نەکرێنە دوو پارچە، وەک:

| وشەی هەڵە بەکارهێنراو | وشەی دروست بەکارهێنراو |
|---|---|
| بێ کەس | بێکەس |
| بە هێز | بەهێز |
| بێ هێز | بێهێز |
| تێ پەڕ | تێپەڕ |
| تێ نەپەڕ | تێنەپەڕ |
| بێ خاڵ | بێخاڵ |

### ١٠. وشەی لێکدراو

وشەی لێکدراو، بەو وشانە دەوترێت، کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت. لە وشەی لێکدراودا دەبێ هەردوو پارچەکان بەسەر یەکەوە بنووسرێت، نابێ جیابکرێنەوە،

چونکـه وەک یـەک پێکهاتـەی جیانـەکراو مامەڵـەیان لەگـەڵ دەکرێت، وەک:

| وشەی هەڵە بەکارهێنراو | وشەی دروست بەکارهێنراو |
|---|---|
| گوڵ زار | گوڵزار |
| دڵ شاد | دڵشاد |
| هات و چۆ | هاتوچۆ |
| گوڵە باخ | گوڵەباخ |
| چاو بە کل | چاوبەکل |
| باڵا عەرعەر | باڵاعەرعەر |
| چیرۆک نووس | چیرۆکنووس |
| نیشتمان پەروەر | نیشتمانپەروەر |

## ١١. وشەی بێگانە

پێویستە لـە هاتنـە نـاوەوە و وەرگرتنـی وشـەی بێگانـە، پـەیڕەوی ڕێنووسـی کـوردی بکـەین، بـەو واتایـەی وشـەکە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یاسا فۆنۆلـۆجی و مۆرفۆلۆجییـەکانی زمـانی کـوردی، بـەجۆرێک گـەر پیتێـک لـە زمـانی کوردیـدا نەبوو، ئەوا دەبێت نزیکترین پیت لـە بەرانبەریـدا دابنرێـت، لێـرەدا دەبـێ وشـە و زاراوە وەرگیراوەکـان بخـرێنە ژێـر ڕکێفــی دەســتووری زمــانی کــوردییەوە، لەم بــارەوە

(د.جەمال نەبەز)دەڵێت: ((هەر وشـەیەکی بێگانە هاتە نـاو زمـانی کـوردی دەبـێ بخـرێتە ژێـر ڕکێفـی دەسـتووری زمانەوانی کوردییەوە و لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرگۆگرافییەوە)).[1] وشەکانیش بۆ نموونە وەکو:

وشەی عـەرەبی:**(زەکات، حەج، قەڵـەم، دەوڵـەت، شێخ، عەبدوڵڵا، عومەر، قادر،.... هتد).**

وشـەی فارسـی:**(سروشـت، نایـاب، وەرزش، نمـایش، ئەندێشە، دەروێش.....هتد).**

وشـەی تـورکی:**(قەرەباڵـەغ، یـاپراغ، پـەرداغ، دۆندرمـە، پاقلاوە، دۆشەک، دۆڵمە...هتد).**

وشـەی ئینگلیـزی:**( پۆزەتیـڤ، نێگەتیـڤ، ئەلتەرنـاتیڤ، سانسـۆر، فۆلکلـۆر، فـیلم، سـوپەرمارکێت، فرێـزەر، تەلسکۆپ،.....هتد).**

وشەی یۆنانی:**( ئەتڵەس، ئۆقیانووس، ئەڵماس، ئەنتیکە، سنوور....هتد).**

وشەی سریانی:**(یەڵدا، شەممە، خشڵ، خەبات....هتد).**

**وشـەی فەرەنسی:(پاسـپۆرت، بۆفیـە، دیکـۆر، سـالۆن، کۆبۆن، مۆبیلیات، گلۆپ، بەلەکۆنە،.....هتد).**

---

١ـ جەمال نەبەز(١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا، ١٩٧٦، ل ٧٧.

وشەی ئیتاڵی:**(ستۆدیۆ، تیاترۆ، کارتۆن، پیانۆ، گازینۆ، پانتۆڵ، نمره....هتد).**[1]

| وشەی هەڵە بەکارهێنراو | وشەی دروست بەکارهێنراو |
|---|---|
| أحمد | ئەحمەد |
| عثمان | عوسمان |
| طماطة | تەماتە |
| صالح |ساڵح |
| ۆرک شۆپ | وۆرکشۆپ |
| صابر | سابیر |
| ثروة | سەروەت |
| طاهر | تاهیر |
| قرض | قەرز |
| ظلم | زوڵم |

کەواتە ئەو وشانەی کە دێنە نێو زمانی کوردی، دەبێ بنجی خۆیان پتەو بکەن، بەو واتایەی بەرگێکی کوردی بە بەردا بکەین و بیکوردێنین، دیارە ئەم جۆرە دەستکاریکردنەی وشە، کارێکی گرنگ و پێویستە، چونکە

---

١. بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووداً، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨، ل٧٣.

دەبێتـە هـۆی پتـەوبوون و ڕەگ داکوتـانی ئـەو وشـانە لـە زمانی کوردیدا، بە هەمان شێوە ئەگەر فارس یان عـەرەب یـان تـورک وشـەیەکی کـوردی یـان هـەر زمـانێکی دیبیـان وەرگرتبێ، بە ڕێنووسی خۆیان نووسیویانە.[1]

### ١٢. جێناوی نیشانە

بەو جێنـاوانە دەوترێت کە لە جێی نـاوی کەسـێک یـان شـتێک دادەنرێـت و دەستنیشـانی دەکـات. جێناوەکـانی نیشانەش بریتین لە: (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە).

بـەڵام ئـەم جێناوانـە کاتێ لەگـەڵ ئامرازەکانی (لـە، بـە) دێـن، شـێوەی خۆیـان دەگـۆڕن، لەبـەر ئـەوەی یاسـای تێچوونی دەنگ ڕوودەدات، وەک:

لە + ئەمە = لەمە

بە + ئەوە = بەوە

لە + ئەمانە = لەمانە

لە + ئەوانە = لەوانە

**<u>لەمەوە</u> بۆمان دەرکەوت.**

---

١. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٨٢)، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، ل ٧١.

جێناوی نیشانە

لە + ⟵ ئەمە + ەوە

ئامراز جێناوی نیشانە پاشگری دووبارەبوونەوە

**١٣. ئاوەڵناوی نادیار**

ئەو وشانەی ڕۆڵی ئاوەڵناوی نادیار دەبینن، وەک (تر، دیکە، دی، وەها، ئاوها.....)، دەبێ لە ڕستەدا بەجیا بنووسرێن و لە وشەکەی پێش خۆی جیا بکرێتەوە، تاکو لەگەڵ ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و پلەی باڵا تێکەڵ نەکرێت، وەک:

| وشەی هەڵە بەکارهێنراو | وشەی دروست بەکارهێنراو |
|---|---|
| پیاویتر | پیاوی تر |
| پیاویدیکە | پیاوی دیکە |
| پیاویدی | پیاوی دی |

**١٤. نیشانەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا**

نیشانەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا(تر، ترین) لە هەر شوێنێکدا بێن، ئەوا دەبێت بە کۆتایی وشەوە بلکێنرێت، وەک:

| وشەی هەڵە بەکارهێنراو | وشەی دروست بەکارهێنراو |
| --- | --- |
| جوان تر | جوانتر |
| جوان ترین | جوانترین |
| خاوێن تر | خاوێنتر |
| خاوێن ترین | خاوێنترین |

**١٥. پاشبەندەکان** (ەوە، وە، دا، را)

پاشبەندەکان بەو کەرەستانە دەوترێت، کە دەچنە سەر بەشی دواوەی ناوێک یان جێناوێک یان هەر بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن، کاتێک پێشبەندەکان (ئامرازی پەیوەندی) لەگەڵ پاشبەندەکان دێن، ئەوە بەیەکەوە پێشبەندێکی نادە دروست دەکەن، کەواتە هەمیشە دەبێت پاشبەندەکان بە وشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێن و نابێ جیا بکرێنەوە، وەک:

**- نامەکە بە تۆدا دەنێرم.**

**- کارزان لە هەولێررا دێت.**

**- بە ئاسمانەوە ئەستێرەم بینیوە**

**لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە**

### ١٦. دووپاتکردنەوەی پیت

لە زمانی کوردیدا نیشانەی دووپاتکردنەوە(شەددە) نییە، بۆیە پێویستە بە دووبارەکردنەوەی پیتەکە بنووسرێ، وەک:

| وشەی دروست بەکارهێنراو | وشەی هەڵە بەکارهێنراو |
|---|---|
| محەممەد | محەمەد |
| فەتتاح | فەتاح |
| مەککە | مەکە |

### ١٧. چاککردنەوەی هەڵەی هەندێ وشە و دەستەواژە

لە زمانی کوردیدا هەندێ وشە و دەستەواژە بەهەڵە بەکاردەهێنرێن، پێویستە چاکبکرێنەوە و وشە ڕاستەکە بەکاربهێنرێت، وەک:

**أ. (بەرامبەر) هەڵەیە، (بەرانبەر) ڕاستە**

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ ناوبەندمان هەیە، لەوانە:(ە، و، بە، او، ەو، ان....هتد)، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە کوردیدا (ام) ناوبەند نییە، وەک:

بەر + ان + بەر= بەرانبەر

سەر + ان + سەر= سەرانسەر

**ب. (بەروار) هەڵەیە، (ڕێکەوت) ڕاستە**

لـــەبری مێـــژووی ڕۆژ و کاتـــەکان لـــە نووســـراودا، زۆرجاران وشەی (بەروار) بەکاردێت، کە ئەمـەش هەڵەیـە، بـەڵکو (ڕێکـەوت) ڕاسـتە، وشـەی (بـەروار) واتـای شـوێن دەگەیەنێ، کە دەڤەری بەرواری دەگرێتەوە، ئەم هەڵەیـەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاتی خۆی مامۆستایەکی گـەورەی نەتەوەکـەمان لـە دەڤـەری بـەرواری نامەیـەک بـۆ دۆسـتێکی خـۆی لـە سـلێمانی دەنووسـێ، وەک بـاوە لـەلای ڕاسـتی سـەرەوەی نامـە دەنووسـێ(بەرواری)، مەبەسـتی ئـەو دەڤەرەیـە خـۆی تێـدا دەژی و لەژێریـدا ڕۆژ و مانـگ و ساڵەکە دەنووسێ، ئیدی نامەکە دەکەوێتـە دەست خـەڵک، وا دەزانـن ئـەو (بەرواری)یـە واتـای مێـژووی ڕۆژ،[1] ئیتـر لەمەوە ئـەم هەڵەیە پەڕیوەتـەوە و تـا ئێسـتا لـە بەشێک لـە نووسراوەکانی بواری کارگێڕیی بەکاردەهێنرێت.

---

١. ڕەوف حەسەن(٢٠١١) زمانی ڕۆژنامەوانیی کورد، چاپخانەی هێلین، سلێمانی، ل٦٥.

**پ . وشەکانی(چالاک)، (ناوەڕۆک) هەڵەن، وشەکانی(چالاک)، (ناوەرۆک) ڕاستن**

لە ڕووی ئیتمۆلۆژیا و ڕێنووس و فەرهەنگەوە، (چالاک) بە لامی سووک(ل) دەنووسرێت، و (ناوەرۆک)یش بە ڕێی سووک(ر) دەنووسرێت.

**ت . (بێ توانج) هەڵەیە، (بێ لێدوان)،(بێ سەرنج لەسەردەربڕین) ڕاستە**

وشەی(تەعلیق)، وشەیەکی عەرەبییە و لە چاوگی کرداری(علق)ی عەرەبی وەرگیراە و، (علق) بە عەرەبی واتا: لێی دوا و سەرنجی لەسەر دەربڕی دەگەیەنێت، بەم جۆرە- مانای چاوگەکە لە زمانی عەرەبیدا دەبێتە (لێدوان و سەرنج لەسەر دەربڕین)، بەڵام بە کوردی مەعنای(پلار و توانج و تانە و تەشەر)ی هەیە، جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین کە بەهۆی ڕیشە عەرەبییەکەی و بێئاگایی لە مەعناکەی لە زمانی عەرەبیدا، گەلێک جار لە کوردیدا بە هەڵە بەکاردەهێنرێن، چونکە پێیان وایە وشەکە لە عەرەبیشدا هەر (توانج و تەشەر)یە، بۆیە وەک چۆن لەبن هەندێک وێنەی کاریکاتێریدا بە عەرەبی دەنووسرێ(بدون تعليق)، بە کوردیش بەهەڵە وەریدەگێڕن و دەیکەنە (بێتوانج)! بێگومان لەجیاتی ئەوە

دەبێ بنووسن (بێ لێدوان)، (بێ سەرنج دەربڕین)، (بێ لەسەر ڕۆیشتن)، بەڵام دیارە ئەو نووسەرانە ئاگایان لەو جۆرە وشانە نییە کە کورد تەنها ڕووخسارەکانیانی وەرگرتوون و مەعنای سەربەخۆیی پێ بەخشیون.[1]

**ج ـ (زایینی) هەڵەیە، (لەدایکبوون) ڕاستە**

زۆربەی نەتەوەکانی جیهان خاوەنی ساڵنامەی تایبەت بە خۆیانن، دانان و ناولێنانی ئەم ساڵنامانەش پەیوەستە بە ڕووداوەکی مێژوویی، بە نموونە وڵاتانی موسڵمان خاوەنی ساڵنامەی خۆیانن، کە پێی دەوترێت ساڵنامەی کۆچی، ناونانی (ساڵنامەی کۆچی)ش، پەیوەستە بە کۆچکردنی پێغەمبەر محەمەد(د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە. (ساڵنامەی زایینی)ش، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە دارشتنەکەی هەڵەیە، بەڵکو دەبێت بڵێین ساڵنامەی (لەدایکبوون)، چونکە (زان) بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، نەک مرۆڤ، بۆ مرۆڤ (لەدایکبوون) بەکاردێت، ئەم ساڵنامەیەش بۆ لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا( سەلامی خوای لەسەربێت) دەگەڕێتەوە، کە دەکاتە (١٢/٢٥) نەک (١/١)، چونکە لە ئایینی مەسیحیدا

---

١ـ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ١٣٤ ـ ١٣٥.

کەسێک کە لەدایکدەبێت، دوای حەوت ڕۆژان ئینجا دەیبەنە کەنیسە، بۆیە ئەو حەوت ڕۆژە جیاوازە.

کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک ساڵنامەی خۆی هەیە، کە مێژووەکەی بۆ (٧٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، واتە مێژووی ساڵنامەی کوردی پەیوەستە بە دروستبوونی دەوڵەتی (ماد ـ میدیا)، لەبەرئەوەی میدییەکان بە بابە گەورەی کورد دادەنرێت، ئەم دەوڵەتەش ئەوکات ( هەمەدان)ی کردبووە پایتەختی خۆی و ماوەیەکی زۆر فەرمانڕوایی لە ناوچە کوردنشینەکان کردووە.

**چ ـ (هەستا، هەڵدەستێ) هەڵەیە**

(هەستا، هەڵدەستێ) هەڵەیە و تەعبیرێکی دیکەی ناکوردییە، کە وەرگێڕانی حەرفی(قام ب....)ی عەرەبییە، وەکو، بۆ نموونە: (قام بكتاب رسالة...)، کە بە کوردیی کردوویانە بە(هەستا بە نووسینی نامەیەک...) و دەبوو بیکەنە (نامەیەکی نووسی...)، هەڵبەت ئەگەر کردارەکە بشکرێتە ڕانەبردوو، تەعبیرەکە هەر عەرەبییە، نەک

کوردیی و کورد(هەڵدەستێ بە....)ش هەر بەکارناهێنێ.[1]

**د . (لەبڕی) هەڵەیە، (لەبری) ڕاستە**

زۆرجارن لە زمانی کوردیدا لەبری وشەی (لەجیاتی، لەباتی)، وشەی (لەبڕی) بەکاردەهێنن، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە (لەبڕی) واتای (ڕێژە ـ ئەندازە) دەگەیەنێت، واتە دەبێت بە ڕێی سووک بنووسرێت، و بوترێت (لەبری)، کە واتای (لەجیاتی) دەگەیەنێت.

**هـ . (هاتووچۆ) هەڵەیە، (هاتوچۆ) ڕاستە**

لە زۆربەی تابلۆی ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسی هاتوچۆ و نووسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانیاندا، لەجیاتی (هاتوچۆ)، (هاتووچۆ) دەنووسن، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە وشەی (هاتوچۆ) بەمشێوەیە سازکراوە:

کاری (هات) لە چاوگی (هاتن) وەرگیراوە، (و) ئامرازی لێکدەرە، ڕەگی کاری(چ) لە چاوگی (چوون) وەرگیراوە، (ۆ) پەیدابوونی دەنگە،واتە دەستوورەکەی بەمشێوەیە:

هات + و + چ + ۆ= هاتوچۆ

---

١ـ نەریمان عەبدوللا خۆشناو(٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ١٤٤.

# بەشی چوارەم

# خاڵبەندی

مەبەست لە خاڵبەندی کۆمەڵێ هێمان، کە لە نووسیندا بەکاردەهێنرێت، وەک هێماکانی هاتوچۆ وان، بەجۆرێ چۆن شوفێر لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا پابەندی هێماکانی هاتوچۆ دەبێت، بەهۆیەوە تووشی هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو و خراپەکاریی نابێت و سەرپێچی لە یاسا و ڕێساکانی هاتوچۆ ناکات، بەڵام گەر شوفێرێک پابەندی یاساکانی هاتوچۆ نەبوو، ئەوە تووشی سەرپێچی و حاڵەتی نەخوازراو دەبێت و کارێکی هەڵە و خراپە دەکات. خاڵبەندیش لایەنێکی گرنگی نووسینە، کۆمەڵێ نیشانە و هێمای تایبەتین، جوانکاری بە نووسین دەبەخشن، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە ئاسانکارییەک، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بەبێتاقەتی و ماندوو بوون نەکات، لەو کاتەی دەقێک دەخوێنێتەوە، چونکە هەر نیشانە و هێمایەک لە شوێنی خۆی هاتووە.

کەواتە خاڵبەندی کۆمەڵێک هێما و نیشانەن، بەهۆیەوە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکە ڕوونتر و ئاسانتر دەکات، لەم پرۆسەیەدا بەستنەوە و نەبەستنەوەی وشەکان بە

یەکەوە دەخرێتەڕوو، ئەم هێمایانەش بەڕێکەوتن دادەنرێن، واتە لەنێوان نووسەر و ڕەوشی دەقەکەدا، ئەویش لە ڕووی ماناوە بە مەبەستی ڕێکخستن و ڕوونکردنەوە و لابردنی تێکەڵیکێشییەکان. نیشانەکانی خاڵبەندیش بەمشێوەیەی خوارەوەن:

**یەکەم: نیشانەی خاڵ**(.)

یەک خاڵ لە کۆتایی ڕستەیەکدا دادەنرێت، کە واتایەکی تەواوی هەبێت و ڕستەیەکی سەربەخۆ بێت، ئەمەش بە واتای تەواوبوون و داخستنی ڕستە و وەستانی تەواو دێت، یاخود لە شوێنیکدا دادەنریێ، کە باسێک ببڕێتەوە.

ئەم نیشانەیە لە کۆتایی هەموو ڕستەیەک دادەنرێت، جگە لە ڕستەکانی پرسیاری و سەرسوڕمانی، وەک:

**ئازاد نانی خوارد.** (ڕستەی هەواڵگەیاندن)

**کچێ وانەکانت بخوێنە.** (ڕستەی بانگکردن)

**کتێبەکە داخە.** (ڕستەی فەرماندان)

هەروەها لە ڕستەی سەرسوڕمانیشدا دێت، بەو مەرجەی وشەی سەرسوڕمانی لە ڕستەکەدا هەبێت، چونکە هەر کاتێ وشەی سەرسوڕمانی لە ڕستەدا بوونی هەبێت، ئەوا دوای وشەکە نیشانەی سەرسوڕمانی دێت و لە کۆتایی ڕستەکەدا خاڵ(.) دادەنرێت، وەک:

**ئۆخەی! لە دەست زۆرداری ڕزگارمان بوو.**

یــان لــەدوای پیــت یــان زنجیــرە پیتێــک، کــە بــۆ کورتکردنەوە بەکاردێن.وەک:

**پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک)**

کەواتە نووسـەر هەمیشـە خاڵ(.) لـە کۆتـایی ڕسـتەیەک دادەنێـت، کـە واتـا و ماناکـەی تـەواو بێـت، پێویسـتی بـە پشوودان و بە حەسانەوە هەبێت.

**دووەم: نیشانەی دوو خاڵ لەسەر یەک**(:)

دووخاڵ لەسەریەک(:) بۆ درێژەدان و ڕوونکردنـەوە و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بەکاردەهێنرێت، وەک:

**شـاری هـەولێر لـە چەنـدین گـەڕەک پێکـدێت، لـەوانـە: ئیسکان، ئازادی، سێتاقان، کوران، نەورۆز.....هتد.**

یان لەپێش هێنانەوەی گوتەیەکدا، وەک:

**پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویێت:((داوای زانست بکە، گەر لە چینیش بێت)).**

یان بۆ ئەو شتانەی بەدوایدا دێت، وەک ژمارەیەک شتی پەیوەندیدار بە یەکەوە، کـە دابەشـدەکرێن، یـاخود لـە کـاتی ژماردنی بەشە پێکهێنەرەکانی شتێک، وەک:

**کـۆلێژی پـەروەردەی بنـەڕەتی لـەم بەشـانە پێکـدێت: کوردی، عـەرەبی، ئینگلیزی، باخچـەی سـاوایان، زانسـتی کۆمەڵایەتی، زانستی گشتی، ماتماتیک.**

یاخود زۆرجار لە کۆتایی ڕستەدا دەیبینین، ئەمیش بۆ پیشاندانی کاتژمێر و خولەک.وەک:

**یـــاری نێـــوان هــــەولێر و زەورا کــــاتژمێر ۳:۱۵ دەستپێدەکات.**

یـــان لـــە دوای ئـــەو وشـــانەی دەمانـــەوێ مانایـــان لێکبدەینەوە، دێت، وەک:

**شرۆڤە: شیکردنەوە، لێکدانەوە.**

**سێیەم: نیشانەی سەرسووڕمان** (!)

نیشـانەی سـەرسـووڕمان(!)، لـەو نیشـانانەیـە کـە لـە کۆتایی ڕستە یان دوای وشـەی سـەرسـوڕمانیدا دێت، ئـەم نیشـــانەیە تـــەنها وەک نیشـــانەی سەرســـوڕمان بـــەکارناهێنرێت، بـــەڵکو لـــە کۆتـــایی ئـــەو ڕستانەشـــدا بـەکاردەبرێت، کـە واتـای جـەختکردن(پێ لەسـەرداگرتن)، بچووککردنەوە، بێزاریی، گومان، فەرماندان، هەڕەشە، نزا، ئـــارەزوو، دەرد و خــــەم، بانگهێشـــتی کوتوپڕ...هتـــد دەگەیەنن.

نیشـانەی سەرسـوڕمانیش لـە ڕسـتەدا لـە دوو شـوێن دێت، بەم شێوەیە:

١ـ ئەگـەر وشـەی سەرسـوڕمانی لـە ڕسـتەکەدا هـەبوو، ئـەوە نیشـانەی سەرسـوڕمانی دەکەوێـتە دوای وشـەی سەرسوڕمانییەکەوە، وەک:

**ئافەرین! بەیەکەم دەرچووی.**

٢ـ ئەگـەر وشـەی سەرسـوڕمانی لـە ڕسـتەکەدا نـەبوو، ئەوە نیشانەی سەرسوڕمانی دەکەوێتە کۆتایی ڕسـتەکەوە، وەک:

**خانوویەکی گـەورەیـە!**

**ماڵێکی خۆشە!**

نیشانەی سەرسوڕمانی لە ڕستەدا بە چەندین شێواز دەردەکەوێت، لەوانە:[1]

**١. واتای سەرسوڕمانی:**

وای! لەم منداڵە پیس و پۆخڵەی.

**٢. واتای تووکلێکردن:**

تەمەنت کورت بێت! ڕووت ڕەشبێت!

---

١ـــ عەبـــدوڵڵا حوســـێن ڕەســـووڵ(٢٠٠٦)، پوختەیـــەکی وردی ڕستەسازی کوردی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٥٥ـ ٥٦.

**٣. واتای نەفرەتلێکردن:**

ئەوەی ڕێگەی لە کوردان گۆڕی
لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی !

**٤. واتای جنێوپێدان:**

نامەرد! بێئابڕوو! بێشەرم!

**٥. واتای پاڕانەوە:**

خودایە، ئەم زوڵمە قبووڵ نەکەی!

**٦. واتای وەسفکردن:**

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش!

**چوارەم:نیشانەی پرسیار** (؟)

ئەم نیشانەیە هەمیشە لە کۆتایی ڕستەی پرسیاریدا دادەنرێت، ڕستەی پرسیاریش جۆرە ڕستەیەکە، کە قسەکەر بۆشاییەکی لە زانیارییەکانی هەیە، بەو واتایەی قسەکەر شتێک نازانێت و لای ڕوون نییە، بەهۆی پرسیارکردنەوە زانیارییەکانی دەستدەکەوێت، کەواتە لە ڕستەی پرسیارکردندا گوێگر سەرچاوەی زانین و زانیارییە، یاخود ئەم نیشانەیە بۆ دەرخستنی گومان یان بۆ مەبەستی گاڵتەپێکردن بەکاردێت.

**. کێ یارییەکەی بردەوە؟**

**- چما نەچوویتە پاریس؟**

**- کەی ئاهەنگەکە کۆتایی دێت؟**

**پێنجەم: نیشانەی کۆما(،)**

کۆما وەک نیشانەیەکی خاڵبەندی لە جێگەی هەڵوەستەیەکی کورت دادەنرێت و بەشەکانی ڕستە پەیوەست دەکات بەیەکەوە و لەیەکیان جیا دەکاتەوە، واتە لەنێوان پارچە یان چەشن و بەشەکانی بابەتێک دێن، وەک:

**باشوری کوردستان لە پێنج شار پێکهاتووە: هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەلەبجە و کەرکووک.**

یاخود کۆما بۆ جیاکردنەوەی وشە، فریز و ڕستە بەکاردەهێنرێت، کە بەهۆیەوە سەرجەم پێکهێنەرەکانی ڕستە واتادارن و بەپێی نیاز و پێویست لەنێو ڕستەدا بەکاردەبرێت.

کەواتە کۆما لەنێوان ئەو ڕستە تەواونەکراوانە دێت، بۆ ئەوەی پێکەوە ڕستەیەکی تەواو پێکبێنن، واتە لە نێوان شاڕستە و پاڕستەدا دێت لە ڕستەی ئاڵۆزدا، وەک:

**کەرکووک کە لە مێژوودا بە ئارابخا ناسراوە، شارێکی کوردستانییە.**

یانیش لە ڕستەی بانگکرندا دێت، ئەویش لە دوای ناوی بانگکراو، وەک:

**ئازاد، کتێبەکە داخە.**

یاخود لە هەر جێگەیەک وشەیەک یان دەستەواژەیەک وەک جێگرەوەیەک لەناو ڕستە یان دەستەواژەیەکی تردا دابنرێت، یاخود لە جیاتی ئامرازی (و) لە ڕستەی لێکدراودا دێت، بەهۆیەوە ڕستە سادەکان دەخاتە پاڵ یەک و ڕستەیەکی لێکدراو دروست دەکات.

**ئازاد هات، محەمەد ڕۆیشت.**

هەروەها لەپێش وشەکانی (بەڵام، چونکە، لەبەرئەوەی، کە، یان،.....)دێت، وەک:

**ئەحمەد دێتە سلێمانی، بەڵام نایەتە ئێرە.**

کەواتە کۆما(،) وەستانێکی کورتە لەنێو ڕستەدا، لێرەدا خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقێک، هەست بە حەسانەوەیەکی کورت دەکات، واتە پشوودانی کورت.

**شەشەم: کۆمای خاڵدار(؛)**

نیشانەیەکە ئەرکی دەکەوێتە نێوان خاڵ و کۆما، بەڵام زیاتر لە کۆما نزیکترە، و لە کاتی خوێندنەوەدا لەسەری دەوەستین.

دەبێ بوترێت، کە ئەم نیشانەیە بۆ بەیەکەوە بەستنی ڕستەیەک بەکاردەهێنرێ، کە لە ڕووی ڕووخسارەوە سەربەخۆیە، بەڵام لە ڕووی واتاوە پەیوەندارە بە ڕستەیەکی ترەوە. بەو واتایەی ئەم نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕستانەی لە ڕووی پێکهاتەوە سەربەخۆ دێنە پێش چاو، بەڵام لە ڕووی واتا و دەربڕینەوە، پەیوەندیی مانابیان پێکەوە هەیە، یاخود لەنێوان ئەو ڕستانەدا دێت، کە ڕستەیەکیان هۆکار بێت بۆ ڕوودانی ڕستەکەی تر، وەک:

**ئەحمەد نەهاتۆتە قوتابخانە؛ چونکە نەخۆش بوو.**

**حەوتەم: نیشانەی تەقەڵ**(-)

ئەم نیشانەیە کاتێ بەکاردێت، کە بەشەکانی پێشەوەی خۆی بە دوای خۆی ببەستێتەوە یان زیاتر ڕوونبکاتەوە، وەک:

**پێویستە حکوومەتی هەرێم زیاتر گرنگی بە شاری کەرکووک بدات نەوەک فەرامۆشی بکات ــ ئەوسا واتای کوردستانی لەخۆ زیاتر دەبینێتەوە.**

یاخود لە دوای ژمارە دێت، وەک:

**لەسەر قوتابی پێویستە ئەم کارانە بکات:**

**١- هێنانی دەفتەر و پێنووس.**

**٢ـ ئامادەکردنی وانە.**

**٣ـ پابەندبوونی بە کات و شوێنی وانە.**

هـەروەها لـە ئاخـاوتن و دیـالۆگی نێوان چەنـد کەسـێک دێت، بۆ ئەوەی قسەکانیان لە یەکتر جیابکرێتەوە، وەک:

**ـ ئەحمەد: چیت وت؟**

**ـ ڕزگار: نان بخۆ.**

یاخود لەجیاتی وشەکانی (تاکو، هەتا) بەکاردێت، وەک:

**لە لاپەڕەکانی ١٠ـ١٥ ئەرکە لەسەر قوتابییان.**

**هەشتەم: هێڵی لار**(/)

ئـەم نیشـانەیە بـۆ جیاکردنـەوەی ڕۆژ، مانـگ و سـاڵ بەکاردێت، وەک:

**ـ ١٩٩١/٣/١١ ساڵیادی ئازادکردنی شاری هەولێرە.**

**یـاخود** بـۆ جیاکردنـەوە و بڕگـە بڕگـەکردنی دێـرە شیعرێک بەکاردێت، وەک:

**بە/ ئاس/ ما/ نە/ وە/ ئەس/ تێ/ رەم/ دی/ وە**

**لە/ باخ/ چەی/ بە/ هار/ گو/ ڵم/ چ/ نی/ وە**

یاخود بۆ جیاکردنەوەی ڕستە بەکاردێت، یان بە واتـای (هـەتا، تـاکو) دێـت و بـە مەبەسـتی پیشـاندانی مـەودای شوێنکاتی بەکاردێت، یانیش کاتێک دوو وشـە پێکـەوە دوو ڕووی جیاواز، یەک مەبەست دەربخەن.

**- ساڵی خوێندنی ٢٠١٤/٢٠١٣ بەشی عەرەبی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کراوە.**

**نۆیەم: نیشانەی ئەستێرە** ( * )

ئـەم نیشـانەیـە زۆرجـار بـۆ مەبەسـتی پەراوێزنووسـین لـەجیاتی بـەکارهێنانی ژمـارە بـەکاردێت، بـەو واتایـەی بـۆ ڕوونکردنەوەی وشـەیەک لە پەراوێزدا بەکاردێت. وەک:

*** هەولێر: یەکێکە لە شارە کۆنەکانی جیهان.**

یــاخود لــەکاتی بــەکارهێنانی ڕســتەی ناڕێزمــانی بــەکاردێت، ئــەو ڕســتانەی لای ئــاخێوەر نادروســت و ناڕاستن.وەک:

*** پیاوەکە هاتن.**

لێــرەدا وشــەی (پیاوەکــە) تاکــە، کــەچی وشــەی (هاتن)کۆیــە، لــە ڕووی ڕێزمانــەوە هەڵەیــە و ناگونجێـت، بەڵکو دەبێ بوترێت: **پیاوەکە هات.**

یـاخود هەنـدێجار وەک نیشـانەیەک بـۆ دەسـتپێکردنی بابەتێکی تازە بەکاردێت.

**دەیەم: کەوانەی بچووک** ( )

ئەم هێمایە کاتێک بەکاردێت، کە هەمان واتای وشـەیەک بگەیەنێت، وەک:

**ـ ڕاناو(جێناو) بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن.**

یاخود بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر بەکاردێت، وەک:

**ـ کەرکووک شارێکی کوردستانییە(کە لە مێژوودا چەندین ناوی هەبوو، لەوانە: ئارابخا).**

یاخود وەک ئاماژەکردنێک بە (مێژوو، ناوبانگ، نازناو،...هتد) بەکاردێت، وەک:

**ـ ئەمڕۆ(٢٠١٧/١/١)ساڵی نوێی لەدایکبوونە.**

**ـ مەسعوود محەمەد(مامۆستا) یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسووفانی کورد.**

**یازدەم: جووت کەوانەی بچووک** (( ))

ئەم نیشانەیە لە کاتی وەرگرتنی دەقێک یان گوتەیەک لە سەرچاوەیەک، واتە ئەم جووت کەوانەیە کاتێ بەکاردێ، کە دەقێک بێ دەستکاری وەردەگریت، تەنانەت گەر هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمانیی و واتایشی هەبێت، نابێ دەستکاری بکرێت.وەک:

**((ناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن)).**

کەواتە ئەمە وەرگرتنی دەقێکی وەرگیراوە لەناو قسە و ڕستەکانی نووسەرێکی دیاریکراو یان وەرگرتنی ئایەتێک لە ئایەتەکانی خوای گەورە یان وەرگرتنی فەرموودەیەکی

پێغەمبــەر(د.خ)، یــان وەرگرتنــی وتەیــەکی زانایــەک یــان ناوداریێک، وەک:

**پێغەمبەرمان(د.خ) دەفەرموویێت:((داوای زانست بکە لە بێشکەوە تا گۆڕ)).**

**ئەرستۆ دەڵێت:((من شانازی بە ئەفلاتون دەکەم، بەڵام ڕاستی شانازیترە لە من بۆ ئەو)).**

**دوازدەم: کەوانەی گەورە[ ]**

ئــەم نیشــانەیە کــاتێ بــەکاردێت، وەرگێڕێــک بابــەتێک لــە زمانێکــەوە بــۆ زمــانێکی دیکــە وەردەگێڕێــت، دەبینێــت نووســەر لە هەندێ شوێندا بەهەڵە شتێکی نووسیوە، ناچار ئــەوەی بەڕاســتی دەزانێــت، دەیخاتــە نێــوان جــووت کەوانەکــەوە، یــاخود کاتێــک وەرگێــڕ بــە پێویســت بزانێت وشەیەک یان ڕستەیەک بۆ دەقێک زیاد بکات، بەو واتایــەی قســەکە هــی خۆیــەتی و لــە دەقــە ئەسڵییەکەدا نییــە. بۆیــە لێرەدا بۆ ڕوونکردنــەوەی وشــە یــان ڕســتەکە دەخاتــە نــاو کەوانــەی گــەورەوە. واتــە ئــەو بابەتانــەی بەشــێک نــین لــە مەبەســتی ســەرەکی دەقەکــە، یــاخود هەنــدێکجار لــە ســاغکردنەوەی دەستنووســە کۆنەکانــدا، وشــە پەیوەستدارەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویستدا دەخرێنە کەوانەی گەورە.وەک:

**ئەرستۆ دەڵێت باشترین ژیان، ژیانی فیکر و ڕۆشنبیرییە، گەر بۆ مرۆڤێکی بەرز و زانستی کۆبوویەوە و بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە ژیانت بردە سەر، ئەوە گەیشتنە تەواویی و کەمالییە وەک تەواوی و کەمالی خوداوەند!!.[شتی ئاواش بوونی نییە، چونکە تەواوی و کەمالی تەنیا لە خودا هەیە، هیچ کەس و بوونەوەر تەواو و کەمال نییە- وەرگێڕ].**

**سێزدەم: سێ خاڵی دوای یەک**(...)

ئەم نیشانەیە کاتێ بەکاردێت، کە بۆ پیشاندانی وشە و ڕستەی سڕاوە و بەردەوامبوون، بەو واتایەی تاکو وشەی تر نەنووسێت و کۆتایی بە بابەتەکە بێنێت. واتە ئەم نیشانەیە قسەی ناتەواو و پیشاندانی درێژکردنەوەی قسەدەگرێتەخۆ.

**ئازاد نانی خوارد و کتێبی خوێندەوە و ...**

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ بە زمانی کوردی


١. ئەکادیمیای کوردی(٢٠٠٩)، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٨٢)، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەغدا.

٣. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٨٦)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا.

٤. ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٥ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٦ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوریدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٧. بەدران ئەحمەد حەبیب(٢٠٠٥)، ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٨ــــ بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خواروودا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨.
٩ـ تاڵیب حوسێن عەلی(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٠. تۆفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا.
١١. جگەرسۆز پێندرۆیی(٢٠٠٥)، هونەرێ نڤیسینێ ـ چاوا باش بنڤیسین؟، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٢. جەمال نەبەز(١٩٥٧)، نووسینی کوردی بە لاتینی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
١٣. جەمال نەبەز(١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا، ١٩٧٦.
١٤ــ حامید فەرەج(١٩٧٦)، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٥ـ حەمید خالید کەریم(٢٠٠٨)، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ سەلماندنی بە کوردی بوونی ئەلفبێی نووسینی کوردی، چاپخانەی نووسینگەی زانا، کەرکووک.
١٦. حوسێن نزار فەزوڵڵا(٢٠١٦)، پوختەیەک لە ڕێبازی توێژینەوە، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٧. دلشاد مەریوانی(٢٠٠٦)، ڕێنووسی کوردی و ئاهەنگی شیعری کوردی، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چپ و بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان، سلێمانی.
١٨ـ ڕەوشت محەمەد(٢٠٠٨)، ئەلفبێی کوردی.. زمانی ستاندارد ـ ئاسۆی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ڕوانگەی گۆڕانە مێژوویی و زانستییەکاندا، بەرگی یەکەم، پرۆژەی تیشک، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
١٩. ڕەوف حەسەن(٢٠١١) زمانی ڕۆژنامەوانیی کورد، چاپخانەی هێلین، سلێمانی.
٢٠. ڕۆژی کورد، ژمارە (١)، ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣.
٢١. ڕێبوار سیوەیلی و موسلح ئیروانی(٢٠٠٣)، خاڵبەندی پراکتیکی، لە بڵاوکراوەکانی تەفسیر، چاپخانەی ژیان، هەولێر.

٢٢ـ ڕێکـێش ئامێـدی(٢٠٠٥)، فێرکرنـا کـوردی ب تیپـێن لاتینی، پەرتوکخانی ئەحمەدی خانی، سۆران.
٢٣ـ زاسـتپەروەرانی کـورد(٢٠١٤)، ڕێنووسـی زمـانی کوردی، کتێبی ئەلیکترۆنی.
٢٤ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا(٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٥ـ شنۆ عوسمان(٢٠٠٨)، ئەلفبێ و ئاسۆکانی مەعریفە ـ باسـێکی پـەروەردەیی مێژوویـی، چاپخانـەی وەزارەتـی پەروەردە، سلێمانی.
٢٦ـ طاهر صادق(١٩٦٩)، ڕێنووس ـ چۆنیەتی نوسینی کوردی، چاپخانەی شیمال، کەرکوک.
٢٧ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسـازی کوردی،چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێر.
٢٨ـ عـەزیز ئالانی(٢٠٠٥)، لـە پێناوی زمانەکەماندا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٢٩ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(٢٠١٢)، بە کام ئەلفوبێ بنووسـین، توێژینەوەکـانی کۆنفرانسـی زانسـتیی زمـانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، هەولێر.

٣٠. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣١. عەلی تاهیر حسەین(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣٢. قادر توانا(٢٠٠٠)، بۆچی دەبێ بە ئەلف و بێی لاتینی بنووسین؟، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٣٣. قەناتی کوردۆ(١٩٧١)، ژیانی کوردناسی و زانایانی کوردی ئەورووپا، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (٢).
٣٤. کەمال مەزهەر(١٩٧٨)، تێگەیشتنی ڕاستی شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغدا.
٣٥ـ کیومەرس نیکرەفتار(٢٠٠٥)، خاڵبەندی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٣٦. گۆڤاری هاوار، ژمارە (١)، ١٥ ئایاری ١٩٣٢.
٣٧. گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٣، ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٢.
٣٨ـ لیژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی(٢٠١٠)، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٩. لیژنەی کۆڕ(١٩٨٥)، ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا
٤٠ــ لیژنەی کۆڕ(١٩٨٧)، ڕێنووسی کوردی بەپێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٤١. لیژنەی کۆنفرانس(٢٠١٢)، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ - ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٤٢. مارف خەزنەدار، ژیانی کوردناسی و زانایانی کوردی ئەوروپا، قەناتی کوردۆ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (٢)، تەمموزی ١٩٧١.
٤٣. محسن حسین پیرۆ(٢٠١٣)، چاوی پێنووس - نووسین لەنێوان پەیدابوون و بەرەوپێشچوون و کاری هونەریدا، چاپخانەی حاجی هاشم.
٤٤. محەمەد حسێن عەلی زەهاوی(١٩٩٩)، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی ماستەر، بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٤٥. محەمەد حسێن عەلی زەهاوی(٢٠٠٦)، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.
٤٦. محەمەد وەسمان(٢٠٠٩)، ڕێسا - بۆ فێربوونی ئەلف و بێـی کـوردی بــە پیتــی لاتینــی، چاپخانــەی وەزارەتــی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٤٧. مزگین عەبدوڕەحمان ئەحمەد(٢٠١١)، گەردانکردنی کار لە پەهلەوی و کوردیدا - کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەددین.
٤٨. مصطفی نەریمان(١٩٨١)، رێنووسی کوردی لـە رەگ و ریشـەوە، دەزگـای رۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی، چاپخانەی(دار الحرية)، بەغدا.
٤٩. مەسعوود محەمەد(١٩٧٦)، ڕێنووسی کۆڕ، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)، بەرگی چوارەم.
٥٠. مەسعوود محەمەد(١٩٨٠)، ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(٨)، بەغدا.
٥١ـــ مەســـعوود مـــحەمەد(١٩٨٢)، چارەســـەرکردنی گیروگرفتـەکانی ڕێنـووس و ئـەلفوبێی کـوردی، (گۆڤـاری

كۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی كورد)، بەرگی نۆهەم، بەغدا.
٥٢ـ نافیع دیبەگەیی(٢٠٠٦)، بنەماكانی ڕێنووسی كوردی لاتینی، چاپی دووەم، لە بڵاوكراوەكانی سێیەمین فیستیڤاڵی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
٥٣. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٥)، ڕستەسازی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٥٤. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٥)، ڕێزمانی كوردی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٥٥. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٦)، زمانەوانی كارەكی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٥٦. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٦)، زمانەوانی كارەكی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٥٧. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٦)، فێربوونی زمانی عەرەبی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٥٨ـ نەسرین فەخری(١٩٧٨)، ڕێنووسی كوردی، فەسڵی یەكەم، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٥٩. نوری عەلی ئەمین(١٩٦٦)، ڕابەریێ بۆ ئیملای كوردی، چاپخانەی(سلمان الأعظمي)، بەغدا.

٦٠ـ هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
٦١ـ وریا جاف(١٩٩٨)، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەولێر.
٦٢ـ وریا عومەر ئەمین(١٩٨٢)، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەک، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد)، بەرگی ٩.
٦٣ــ وریــا عــومەر ئەمــین(د)(٢٠١٢)، گیروگرفتەکــانی نووســینی کــوردی بە لاتینــی، توێژینەوەکــانی کۆنفرانســی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

٦٤ـ ابـراهيم بـاجلان، اللولـو شـعب زاگـروس الاول، الطبعـة الاولى، من اصدارات جمعية ارميتا، ٢٠٠٥.
٦٥ـ أبوبكر أحمد بن علي بن وحشية(٢٠٠٨)، شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، دار الفكر، دمشق.

٦٦ـ أحمد سوسة(١٩٨٠)، وادي الرافدين بين الساميين و السومريين، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد.
٦٧ـ أراس جودي(٢٠٠٤)، ألامير جلادت بدرخان و الالفباء الكوردية اللاتينية، ترجمة: نوزت الدهوكي، مجلة الصوت الاخر، العدد (١)، أربيل، ٣ حزيران.
٦٨ـ پۆلات جان، لغة الملائكة ـ القراءة و الكتابة الكردية للمبتدئين، كتێبی ئەلیكترۆنی.
٦٩ـ جمال خزنەدار(١٩٧٣)، مرشد الصحافة الكردية، بغداد، ١٩٧٣، ص٣٥.
٧٠ـ زنار سلوبي، مسألة كردستان (٦٠ عاما من النظال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية) تنقيع وتقديم:عزالدين مصطفى رسول، ط٢، بيروت، ١٩٩٧.
٧١ـ زين احمد النقشبندي(٢٠١٤)، ابن وحشية أول مؤرخ لتاريخ الكتابات الرافدينية القديمة و الكردية خاصة، گۆڤارى (مێژوو)، ژمارە(٢٤)، زستانی ٢٠١٤، ل ٣٦٩ ـ ٤٠٢.
٧٢ـ شێركۆ حسۆ مشكينى، تعليم الأبجدية الكوردية للمبتدئين الناطقين بالعربية، كتێبی ئەلیكترۆنی.
٧٣ـ صلاح محمد سليم هروري(٢٠٠٤)، الأسرة البدرخانية: نشاطها السياسي و الثقافي ١٩٠٠ ـ ١٩٥٠، دهوك.

٧٤ـ عقيل سعيد محفوض(٢٠١٣)، الأكراد و اللغة و السياسة ـ دراسة في البنى اللغوية و سياسات الهوية، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت.
٧٥ـ محمد ملا أحمد(٢٠٠٠)، جمعية خويبون و العلاقات الكردية ـ الأرمنية، أربيل.